# گوڵکەند

Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٢٢)

چوارشەممە ٢٠٢٥/٨/١٣


# دووسایدی گۆمەسپان
# کۆتایی بە کارەساتەکانی هەورازە نەفت دێنێت



دیمەنێکی کارکردن لە هەورازە نەفت

وێنە: ئیسلام هیرۆ

# بەم زووانە دەرگای قەڵات دەکرێتەوە

**گڵکەند**

چاوەڕوان دەکرێت بەم زووانە بەشێوەیەکی ئەزموونی ڕۆژانی هەینی بۆ چەند کاتژمێرێک دەرگەی قەڵات بە ڕووی سەردانیکەراندا بکرێتەوە.

فەلاح حەسەن سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای بووژاندنەوەی قەڵاتی هەولێر (بەوەکالەت) بۆ (گڵکەند) ڕای گەیاند کارەکانی نۆژەنکردنەوە و کارکردن لە قەڵات بەشێوەیەکی چڕوپڕ بەردەوامە، بەڵام بەنیاز نین بەم زووانە بەشێوەی فەرمی بە ڕووی سەردانیکەراندا بیکەنەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە بەرنامەیەک هەیە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەزموونی دەرگەی قەڵات بۆ چەند هەفتەیەک لە ڕۆژانی هەینیدا و بۆ چەند کاتژمێرێک وەکو تاقیکردنەوەیەک بیکەنەوە.

ئامانج لە کردنەوەی دەرگەی قەڵات بە ڕووی سەردانیکەراندا بەشێوەی ئەزموونی ئەوەیە کە خەڵک ببینن چی دەگوزەرێت لەسەر قەڵات، بۆ ئەوەشە کۆمیسیۆنی قەڵات ببینێت تا چەند قەرەباڵغی دروست دەبێت و کاریگەری چۆن دەبێت لەسەر کار و پرۆژەکان.

بەگوتەی فەلاح حەسەن، ئەگەر نەبێتە قەرەباڵغییەکی زۆر و کردنەوە ئەزموونییەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوە بچێت، هەروەها ئەگەر کاری نەکردە سەر پرۆژەکان و کارەکان، ئەوا بەشێوەیەکی بەردەوام ڕۆژانی هەینی بۆ چەند کاتژمێرێک بە ڕووی سەردانیکەراندا دەکرێتەوە.

سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای بووژاندنەوەی قەڵاتی هەولێر بەوەکالەت باسی لەوەش کرد کە مزگەفتی گەورەی قەڵاتیش ئامادە کراوە و بەم نزیکانە ڕۆژانی هەینی وەکو ڕابردوو نوێژی لێ دەکرێت و وتاری هەینیی تێدا دەخوێندرێت.

ڕێگەی بەردەم دەروازەی ناو شار بەرانبەر بازاڕی قەیسەری دەکرێتە بەرد و ئەو قیرەی چەندین ساڵە هەیە، هەڵدەگیرێت. هەروەها ژمارەیەکی زۆریش دار لەسەر قەڵات دەچێندرێت.

فەلاح حەسەن ئاماژەشی بەوە کرد کە ئەو دەنگۆیانەی باس لەوە دەکەن ئێستە چوونە سەر قەڵات بووە بە پارە، دوورە لە ڕاستییەوە و دەرگەی قەڵاتیش دانەخراوە بە ڕووی خەڵکی شاردا، بەڵکو بەشێوەیەکی کاتی کارەکانی بووژاندنەوەی تێدا بەڕێوە دەچێت و لە داهاتوودا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و ڕێک خراو هەر دەبێت بکرێتەوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەم دواییە دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ تاریکی، ڕووناکی گەڕایەوە نێو خانووەکانی لێواری قەڵاتی هەولێر و ئێستە شەوانە قەڵات لە ناوەڕاستی شاردا دەدرەوشێتەوە و دیمەنێکی ناوازەی هەیە.



وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

## بتشکێن



گۆران سەباح

## هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری

هیچ زەرەر ناکەین بێتو کابینەی دەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت. دڵنیام پارە، شوێن، ستاف و کاتێکی باشیشمان لۆ دەگەڕێتەوە.

لە ماوەی سی ساری بووریدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری چی کردییە؟ کێهان پرۆژەی برەک ڕەوشی ڕۆشنبیری و فەرهەنگیی کوردی بردیتە پێش؟ چما پرۆژەی هەبووە؟

ڕەنگە بڵێن کاکە وەزارەتی ڕۆشنبیری سەتان کتێبی چاپ کردییە، هاوکاریی سەتان نووسەری کردییە، یەک دنیا چلەی ماتەمینیی فیستیڤاڵ و گەلەری و چالاکیی ئەدەبی و هونەریی کردییە. ئێ خۆ ئەوانە بە دەزگەیەکی ڕۆشنبیرییش دەکرێن، باشتر و بەرهەمهێنەرتریش.

وەزارەتی ڕۆشنبیری بوویتە جێی ڕازیکردنی ڕۆشنکۆر و نووسەری نانووسەر و بێ ئیشەکانی حیزب. حیزب بیەوێت یەکێک ڕازی بکات، هەردەم پۆستێک هەیە لە وەزارەت پێی بدەن.

ئەگەر هەر بە گێتان نەکردم و وەزارەتی ڕۆشنبیریتان دانایەوە، بیکەن بە بەڕێوەبەرایەتییەک و بیلکێنن بەوەزارەتێک، یان با ڕاستەوخۆ سەر بەئەنجوومەنی وەزیران بێت.

ئەگەر ئەوەشتان نەکرد، تکایە بەستافێکی کەمتر و لێهاتوو و کارامە و لێزان وەزارەتەکە بکەنەوە. با هیچ نەکات لە ماوەی چار ساردا، بەس وەشانخانەیەکی پرۆفێشناڵی نیشتمانی دابنێت، پێوەندی دروست بکات بەوەشانخانە پرۆفێشناڵەکانی دنیا بۆ چاپکردنی شاکاری ئێمە و ئەوان، لێرە و لەوێش. با بە چار ساران تەنیا فیلمێکی پرۆفێشناڵ و ئاست بەرز لەسەر جینۆسایدی کورد بەرهەم بێنێت و لە هەموو سینەماکانی دنیا پێشکێشی بکات.

با هیچ نەکات تەنیا لینکێک لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیریی فەڕەنسا و ئیسپانیا دروست بکات بۆ چالاکیی هاوبەش.

هەر هیچ نەبێ، با ئەو یەکێتیی نووسەرانە لە ژێر ڕکێفی حیزبی بێنێتە دەرێ و بیکاتە دەزگەیەکی پرۆفێشناڵ بۆ بەرهەمهێنانی فیکر و جێیەک لۆ بیرکردنەوە و پرۆژەی ڕۆشنبیری، نەک وەک ئەوەی ئێستە بوویتە جێی سەرخۆشان.

با هیچ فیستیڤاڵێک نەکات، با هیچ پرۆژەیەک نەکات، تەنیا شاکارە کوردییەکان بکاتە زمانەیلی بیانی و لە وەشانخانەیلی پرۆفێشناڵ بڵاویان بکاتەوە، نەڵێن ئەوەمان کردییە، چونکە دەزانم پرۆژەکە هەبوو، حکوومەت پارەشی دابین کرد، بەس یان نەکرا یان سەقەتیان کرد.

وەزارەتی دیکەش زیادن، ئەمن لە باتیی دەسەڵات بم، هیچیان ناهێڵم. هەر لەلای هێروە، بنۆڕنە وەزارەتی ئەوقاف.

# مەکینەی ئاوەدانی دووسایدی هەولێر - گۆمەسپان تەواو دەکات

**گڵکەند**

لەسەر ڕێگەی سەرەکیی هەولێر– کۆیە، دەنگی سەدان ئامێری گەورە و بچووک لەگەڵ سەدان کرێکاردا تێکەڵ بووە، لەو پرۆژە گەورەیەدا ڕۆژانە نزیکەی دوو هەزار کرێکار و کارمەند، لەگەڵ نزیکەی ٦٠٠ ئامێری جۆراوجۆر لە کار دان، هەنگاوەکان بۆ تەواوکردنی یەکێک لە پرۆژە ستراتیژییەکانی ژێرخانی کوردستان بەخێرایی دەچنە پێش.

پرۆژەی دووسایدی هەولێر– گۆمەسپان، کە بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا، ببێتە شادەمارێکی نوێی هاتوچۆ و گەشەپێدانی گەشتیاری و بازرگانی لە ناوچەکەدا. بەبڕیاری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەست بەدروستکردنی کراوە.

ئەو پرۆژەیە لەلایەن کۆمپانیای (هێمن گرووپ)ەوە جێبەجێ دەکرێت، بەهۆی گرینگییە ستراتیژییەکەیەوە بۆ کوردستان و بەتایبەت بۆ سنووری پارێزگەی هەولێر، بایەخێکی تایبەتی پێ دەدرێت.

تەواوبوونی ئەم ڕێگەیە گرینگییەکی گەورەی بۆ کەرتی گەشتیاری دەبێت و قەرەباڵغی لەسەر ڕێگەکانی سنوورەکە کەم دەکاتەوە کە پێشتر یەک ساید بوو و هۆکاری چەندین ڕووداوی نەخوازراو بوو.

ئەمیر ئەحمەد بەڕێوەبەری پرۆژەکانی ڕێگەوبان لە هێمن گرووپ بۆ (گڵکەند) دەڵێت بە دووسایدکردنی ئەم ڕێگەیە و تەواوکردنی پرۆژەکە، خێرایی هاتوچۆ دەبێتە ١٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، ئەمەش وا دەکات بە نزیکەیی ٤٠٪ی ڕێگەکە کورت ببێتەوە.

کارکردن لەم پرۆژەیە هاوتەریبە لەگەڵ دوو پرۆژەی گرینگی دیکەی سنوورەکە، کە بریتین لە دووسایدی گۆمەسپان– سماقوڵی و دووسایدی سەرەکیی هەولێر– کۆیە.

## وردەکارییەکانی پرۆژەی هەولێر - گۆمەسپان

بەگوتەی ئەمیر ئەحمەد، ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی ئەمساڵ دەست بە کارکردن کراوە لە پرۆژەکە. درێژیی پرۆژەکە ١٥ کیلۆمەترە و ڕێگەکە بەشێوەی دووساید جێبەجێ دەکرێت، کە پانیی هەر سایدێک ٣٧.٥ مەتر دەبێت و بە سێ چینی قیر قیرتاو دەکرێت. هەروەها پێنج پردی گەورە و یەک ئەندەرپاس، لەگەڵ ٥٠ ئاوەڕۆی سندووقی بە قەبارە و درێژیی جیاواز لەخۆ دەگرێت.

## ڕێژەی کارکردن و ئاستەنگەکان

سەبارەت بەڕێژەی بە ئەنجامگەیاندنی کارەکان، بەڕێوەبەری پرۆژەکە گوتی "لە کاری خۆڵکاری بەشێکی زۆر لە پرۆژەکە تەواو بووە و لە کاری ئاوەڕۆ سندووقییەکانیش بەشێکی بەرچاو لە کارەکان کراون".

باسی لەوەش کرد کە گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەم پرۆژەکەدا، دانەخستنی ڕێگەکەیە بەهۆی هاتوچۆی بەردەوامی هاووڵاتیانەوە، ئەمەش وای کردووە کە کارەکان بە شێوەی نیوە نیوە لە هەر سایدێکدا بکرێن. گوتیشی "ئێستە کار لەسەر ئەوە دەکەین سایدێک بەتەواوی ئامادە بکەین بۆ ئەوەی هاتوچۆی بخەینە سەر و دواتر کار لە سایدەکەی تردا بکەین".

## کاتی تەواوبوون و هێزی کار

سەبارەت بەوادەی تەواوبوونی پرۆژەکەش، ئەمیر ئەحمەد ڕای گەیاند "پلانمان هەیە تا کۆتاییی ساڵی داهاتوو پرۆژەکە بە هەردوو سایدەوە تەواو بێت، بەڵام بەهۆی بەرفراوانیی پرۆژەکە، تەواوکردنی یەک سایدیش لە کۆتاییی ئەمساڵدا ئەستەمە". ئاماژەی بەوەش کرد، تەواوی پرۆژەکە بەدەستی کاری ناوەخۆیی بەباشترین کوالیتی جێبەجێ دەکرێت و هەوڵ دەدرێت زووتر لە وادەی دیاریکراو بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە کارەکان تەواو بکرێت و ڕێگەکە بکرێتەوە.

## پرۆژەیەکی دیکەی ستراتیژی لە کۆتایی دایە

لە کۆتاییی قسەکانیدا، ئەمیر ئەحمەد ئاماژەی بە پرۆژەیەکی دیکەی ستراتیژی کرد کە ئەویش ڕێگەی گۆمەسپان – سماقوڵییە و لەلایەن هێمن گرووپەوە جێبەجێ دەکرێت، گوتی "ئەو پرۆژەیەش کە درێژییەکەی ٢٢ کیلۆمەترە و ناوچەی دەوروبەری بەنداوی سماقوڵیش دەگرێتەوە، لە قۆناغەکانی کۆتایی دایە و بڕیارە تا کۆتاییی ئەمساڵ بە تەواوی بکرێتەوە".



وێنە: ئیسلام هیرۆ

## کوردستان



کوردستان موکریانی

### بەرنامەڕێژی ساڵی خوێندن

لە مانگی ڕابردوودا لە هۆڵەندا ئامادەی ئاهەنگێک بووم، کە بۆ دەرچووانی قوتابییانی پۆلی هەشتەم، کە بە پۆلی شەشەمی سەرەتایی جارانی لای خۆمان یەکسانە.

فێریارانی پۆلی هەشتەم هەر لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە، بە بەرنامەڕێژی سەردانی قوتابخانەکانی ناوەندی دەکەن، بۆ ئاشنابوون و شارەزابوونیان لە شوێن، بەرنامە، پسپۆر و.. قوتابخانەکان بۆ ئەوەی لە کۆتایی ساڵدا بەپێی توانا، ئاستی زانستی، خواست و ... بەهاوکاری دەیبابان بیاننێرنە ئەو قوتابخانەیەی هەڵی دەبژێرن. فێریار هەر لە قۆناخی سەرەتاییدا ڕێچکەی خوێندنی ساڵانی داهاتووی بۆ زولال و خویا دەبێت.

کەسانی نێزیکی فێریار ئامادەی ئاهەنگەکە دەبن. لەدوای وتەی بەڕێوەبەرایەتی، چەند چالاکییەک لە لایەن فێریارانەوە پێشکێش دەکرێن، دواتر بۆ هەر فێریارێک ئەو فیلمە دۆکۆمێنتارییە پێشان دەدرێت، کە پێشتر بۆی ئامادە کراوە، لەوێدا ئارەزووی بوونی لە دواڕۆژدا دەردەبڕێت.

ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا لەم ئاهەنگە و لە ئاهەنگی هەمان بۆنەی چارەکە سەدەیەک لەمەوبەردا، کە ئامادە بووم، جیاوازی خواستی فێریارانی هۆڵەندا و کوردستانم بۆ بەدیارکەوت.

لە کوردستاندا زۆربەی هەرە زۆری فێریاران و قوتابییان لەسەر ئەوە ڕاهێندراون، یان گۆشکراون، کە لەدوای تەواوکردنی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ڕوو لە زانکۆ بکەن، هەتا لەدواڕۆژدا ببن بە پزیشک، ئەندازیار، یان پارێزەر! لە هۆڵەندەدا خواست و ئارەزووی فێریاران لەسەر ئەم سێ بوارەی لەپێشوو باسکراودا و چوون بۆ زانکۆ ، بەو ڕادەیە نییە، وەک لای خۆمان، چونکە خواست و دەرفەتی خوێندن و کارکردن فراوانتر و جۆراوجۆرترە.

هەر تاکێکی هۆڵەندی تا تەمەنی هەژدە ساڵی دەبێت بخوێنێت. ڕێژەی ٢٠٪ فێریارانی هۆڵەندی ڕوو لە خوێندنی زانکۆ دەکەن، تا پسپۆری لەم بوارانەدا دەستبخەن، وەک: هەموو جۆرەکانی زانستی پزیشکی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، کارگەداری، پەرستاری، ئاژەڵداری، تەکنیککاری و... ٢٠٪ یان ڕوو لە ئینستیتووتی باڵای پێشەیی و تەکنیکی دەکەن، کە دواتر وەک یاریدەدەری پسپۆڕانی دەرچووانی زانکۆ کاردەکەن. ٦٠٪ هۆڵەندی هەوڵ دەدەن بڕوانامەیەک لەم بوارانەدا وەربگرن و ڕوو بکەنە دنیای کارکردن، وەک: وێنەگری، پۆلیسی، ڕاگەیاندن، وەرزشی، هونەر بە هەموو جۆرەکانی و...

لە هەفتەی یەکەمی دەستپێکی ساڵی خوێندندا لە فێرگەکانی هۆڵەندەدا بەرنامەی ساڵی داهاتوو لەنێو ساڵنامەیەکدا ڕادەستی فێریان دەکرێت، کە تێیدا ڕۆژانی پشوو، ڕۆژانی تاقیکرنەوە، ڕۆژانی کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی، ڕۆژانی کۆبوونەوەیان لەگەڵ دەیبابانی فێریاران، ڕۆژانی پێشکێشکردنی سمینار لە لایەن قوتابییان، کە بە لایەنی کەمەوە فێریار دوو سمینارێک ساز دەکات. فێریاری هۆڵەندی زۆر بە ئاسوودەیی بەردەوام بە خوێندنی خۆی دەدات، چونکە ساڵی خوێندنی بۆ بەرنامەڕێژکراوە.

هەولێر ٢٠٢٥/٨/٨

# خنکان

# دەبێتە دێوەزمەی هاوینە

**هەژار مەجید**

ئەگەرچی هەموو ساڵێک لە وەرزی گەرمادا ڕۆژانە هەواڵی خنکانی گەنج و منداڵ و گەورە و بچووک لە ئاودا بڵاو دەبێتەوە، کەچی پەندیان لێ وەرناگیرێ و کەس لەو ترسە ناگەڕێتەوە کە ڕەنگە بە چوونە ناو ئاوێکی بێ ئامان ڕووبەڕووی بێتەوە.

لە وەرزی گەرما و هاویندا خەڵکێکی زۆر ڕوو لە ڕووبار و دەریاچە و گۆمە ئاوە وەستاو و جووڵاوەکان دەکەن بۆ مەلەکردن و خۆ فێنککردنەوە، بەڵام ئەوەی لە کوردستان ڕوو دەدات ڕێژەی بەرزی خنکانی خەڵکە لە ئاودا، جا بەهۆکاری نەزانینی مەلەکردنەوە بێت یان ناشارەزایی لەو ئاوانەی ڕوویان تێ دەکەن.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرگریی شارستانیی هەرێمی کوردستان، تا مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٢٥، ٣٣ حاڵەتی خنکان لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون، کە ١٣یان لە سنووری پارێزگەی هەولێر بوون، تەمەنی قوربانییەکان لە نێوان ١٥ تا ٢٥ساڵی دایە.

سەرکەوت کارەش گوتەبێژی بەرگریی شارستانیی هەرێمی کوردستان بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند ئەوان بەردەوام ڕێنمایی بۆ هاووڵاتیان بڵاو دەکەنەوە و تیمی تایبەتی لە شوێنە گەشتیارییە قەرەباڵغەکان جێگیر دەکەن، ساڵانەش پێش دەستپێکردنی وەرزی گەرما، ئەو شوێنانەی کە مەترسیی خنکانیان لێ دەکرێت، تابلۆی ئاگەدارکردنەوەیان بە سێ زمان (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) لێ دادەنرێت.

هەروەها لە ڕۆژانی پشوودا تیمەکانی مەلەوانی و ژێرئاو لە شوێنە قەرەباڵغەکانی وەک زێی گەورە و ناوچە گەشتیارییەکان بڵاو دەکرێنەوە.

سەبارەت بەئامارەکانیش گوتی تا مانگی تەمووز، تیمەکانیان زیاتر لە ٨٠ کەسیان لە خنکان ڕزگار کردووە. هەروەها هاوینی ڕابردوو ٩٤ حاڵەتی خنکان لە ئاودا تۆمار کراوە، تیمەکانی بەرگریی شارستانی و خەڵکیش ٤٧٨ هاووڵاتیان لە خنکان ڕزگار کردووە.

هەر بەپێی ئامارەکان، نزیکەی ٨٠٪ی ئەو کەسانەی دەخنکێن، گەنجن و تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٢٥ ساڵی دایە.

لە کەنار زێی گەورە لە قەزای خەبات، لە کاتێکدا خەڵک بۆ گەشت و کات بەسەربردن ڕووی تێ دەکەن، موسلیم حازمی تەمەن ٢٥ ساڵ، ماوەی چوار ساڵە، شان بەشانی ١٧ خۆبەخشی دیکە، چاودێریی گیانی ئەو کەسانە دەکات کە بێباکانە خۆیان دەخەنە مەترسییەوە. ئەم تیمە خۆبەخشە بوونەتە فریادڕەسی ئەو کەسانەی کە لە لێواری خنکانداندان.

موسلیم لەم ماوەیەدا توانیویەتی ١٧ کەس لە خنکان ڕزگار بکات و تەرمی دوو کەسیشی لە ئاو دەرهێناوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆربەی قوربانییەکان خەڵکی ناوچەکە نین، دەشڵێت "زۆرینەی ئەوانەی ڕوو لە زێی گەورە دەکەن، شارەزاییان لە قووڵی، ئاراستە و خوڕی ئاوەکە نییە، ئەمەش مەترسییەکە چەند هێندە دەکات".

ئەو گەنجە ئەگەرچی زۆر شارەزای زێیەکەیە، کەچی دەڵێت بەئاگەدارییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ئاودا دەکات، بەڵام داخیش بۆ ئەوە دەخوات کە ڕۆژانە گەنج دەبینێت بەبێ هیچ کەرەستەیەکی سەلامەتی، خۆیان هەڵدەدەنە ئاوی زێی گەورە، وەک ئەوەی دوژمنی گیانی خۆیان بن.

چیرۆکی ئەو دوو مێرمنداڵەش بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە کە تەرمەکانیانی لە ئاو دەرهێنایەوە، دوو هاوڕێی تەمەن ١٧ و ١٨ ساڵ بوون، بۆ مەلەکردن هاتبوونە سەر زێیەکە. سەرەتا یەکێکیان دەکەوێتە گێژاوێکی قووڵەوە، هاوڕێکەی بەبێ بیرکردنەوە و بەبێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکی لە ڕزگارکردندا هەبێت، بەدوایدا خۆی فڕێ دەداتە ئاوەکەوە و لە ئەنجامدا هەردووکیان دەخنکێن.

موسلیم هۆشداری دەدات و دەڵێت "ڕزگارکردنی کەسێک لەنێو ئاودا شارەزایی و تەکنیکی تایبەتی دەوێت. ناکرێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەدوای کەسێکی دیکەدا بچیت، چونکە زۆر جار کارەساتەکە گەورەتر دەکات".

ئەو گەنجە خۆبەخشە داوا لە هاووڵاتیان دەکات ئەگەر بڕیاری مەلەوانییان دا، کەرەستەی سەلامەتی وەک هێلەکی مەلەوانی بەکار بهێنن و شوێنە قەرەباڵغەکان هەڵبژێرن کە تیمەکانی بەرگریی شارستانی و خۆبەخشانی ژێرئاوی لێیە، بۆ ئەوەی لە کاتی هەر ڕووداوێکی نەخوازراودا، فریادڕەسێک هەبێت بەهانایانەوە بچێت.

گوتەبێژی بەرگریی شارستانی جەختی لەوە کردەوە کە سەرەڕای هەوڵەکان، چەند هۆکارێکی سەرەکی لە پشت زیادبوونی ڕووداوەکانەوەن، لەوانە سروشتی ئاوی کوردستان، کە زۆربەی ئاوی ڕووبارەکان ساردن، دەبنە هۆی گرژبوونی ماسولکەکان و لەکارکەوتنی جووڵەی مەلەوان، تەنانەت ئەگەر شارەزاش بێت. هەروەها تیژڕەویی ئاو و بوونی گێژاو و قووڵاییی نادیار، مەترسییەکان زیاتر دەکەن.



وێنە: عومەر کەریم



**عەبدولباسیت فەرهادی**

## لێ گەڕێن دادگە کاری خۆی بکات

پێش چەند ڕۆژێک، کارەساتێکی ناخهەژێن لە یەکێک لە بەنزینخانەکانی هەولێرێ ڕووی دا، نامەوێ باسی چۆنیەتیی ڕووداوەکە بکەم، چونکە تاکە لایەن بۆی هەیە لێکۆڵینەوەی لێ بکات، دادگەی لێکۆڵینەوەی هەولێرە بەسەرپەرشتیی دادوەری لێکۆڵینەوە.

ئەوە نە کاری بەناو شرۆڤەکارە نە کاری پارێزەر، نە کاری مامۆستای ئایینییە نە کاری خاوەن پەیج و لاپەڕەکانی سۆشیال میدیا.

دەکرێ وەک هەواڵێکی ناخۆش باسی بکەن، بەڵام کاری لێکۆڵینەوە بەپێی یاسا، لایەنی خۆی هەیە کە دادوەری لێکۆڵینەوەیە.

کە ڕووداوەکەش لە هەولێر ڕووی داوە، بەپێی یاسا و تایبەتمەندی، شوێنی ڕووداوەکە دەکەوێتە سنووری دەسەڵاتی دادگەی لێکۆڵینەوەی هەولێر، هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە ئەم کەیسە بگوازێتەوە شوێنی دیکە، بێجگە لە دادگەی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، کە باڵاترین دادگەیە لە هەرێم و سەربەخۆییی خۆی هەیە و سەرپەرشتیی کاری سەرجەم دادگەکانی هەرێمی کوردستان دەکات.

بۆیە دادگە و دەسەڵاتی دادوەریی بەغدا بۆیان نییە بڕیاری گواستنەوەی کەیسەکە بدەن بۆ دەرەوەی هەرێم، بەڵکو دەتوانن بەهەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر ڕازی بن، لێژنەیەکی هاوبەش پێک بهێنن بەسەرپەرشتی و سەرۆکایەتیی دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر یا هەر دادوەرێکی دیکەی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن سەرۆکایەتیی دادگەی پێداچوونەوە دەستنیشان بکرێ.

لەلایەکی دیکە، دەمەوێ گەنج و لاوە خوێنگەرمەکان ئاگەدار بکەمەوە، کە هەر کاتێ تووشی کێشە و هەڕەشە و ورووژاندن و ئیستیفزاز بوون، ئازایەتی ئەوە نییە پەنا بۆ بەکارهێنانی چەک ببەن و ماڵی خۆیان و بەرامبەرەکەیان وێران بکەن، بەڵکو دان بەخۆیان و بەخۆوەستانیان لەو حاڵەتانە گەورەترین ئازایەتی و مەزنترین مەردایەتییە.

با ئێمەش چیی دی قسە لە بابەتێک نەکەین کە ئەرکی خۆمان نییە و بابەتیانە و تایبەتمەندیانە شت بنووسین، چونکە لەوانەیە بە تاکە وشەیەک، لەلای یەزدان بچینە خانەی هاوبەشی لەگەڵ هەر تاوانبارێک.

## بازاڕی کامیان باشترە؟

# کڕیار لە نێوان مۆڵ و بازاڕە کۆنەکانی هەولێردا

**گڵکەند**

زیاتر لە ١٠ مۆڵ لە هەولێر هەن، لەگەڵ دەیان بازاڕی کۆن و نوێ، بەشێک لە مۆڵەکان بوونەتە شوێنی کات بەسەربردن و کۆبوونەوەی خێزانی، هێشتا خەڵک ڕوو لە بازاڕەکانی جاران دەکەن.

هاووڵاتیان و کاسبکاران لە بارەی مۆڵە نوێ و بازاڕە کۆنەکانەوە ڕای جیاوازیان هەیە، بەشێک پێیان وایە ئەو کەلوپەلانەی براندن، تەنها لە مۆڵەکان دەست دەکەون، بەشێکی تر لە بازاڕە کۆنەکان نەبێت، دڵیان ئاو ناخواتەوە.

ڕێبین سابیر دەمێکە ئەهلی ناو بازاڕی هەولێرە، دەڵێ "ئێستە خەرک لە سێ جێیان شمەکی دەکڕن، لە مۆڵەکان، لە بازاڕی گەڕەکە شەعبییەکان و لەناو بازاڕی شێخەڵڵا و قەیسەری و دەوری قەراتێ".

ئەو کاسبکارە پێی وایە جیاوازییەکی زۆر لە نرخی شمەک لە نێوان بازاڕەکاندا هەیە، "ئەشیای مۆڵەکان گرانن، چونکە مەسرەفی ئجووری عەمەلە و دوکانیان زۆرە. لە بازاڕە شەعبییەکان و شێخەڵڵا نەفسی شت بە سعری زۆر هەرزانتر دەکڕی، بەس ئۆندەیە لەناو پاکەتی جوان دانەندراینە و دوکانەکان وەکی ئی مۆڵەکان نەڕازاندراینەوە".

بەبۆچوونی ڕێبین، دوکانداری بازاڕە میللییەکان بە قازانجێکی کەم قایل دەبن، چونکە زۆرتر دەفرۆشن و لە کۆتاییی ڕۆژدا بەشی خۆیان قازانج دەکەن. بەڵام مۆڵەکان کەمتر دەفرۆشن و بەهۆی خەرجییە زۆرەکانیانەوە، ناچارن قازانجی زیاتر بخەنە سەر کەلوپەلەکانیان.

نموونەش بەوە دێنێتەوە کە هەمان ئەو کراسەی لە مۆڵێک بە ٤٥ هەزار دینار دەیکڕێت، لە بازاڕە میللییەکان بە حەفت هەزار دینار دەست دەکەوێت.

ئەژی محەمەد فەرمانبەرە، زۆر جار لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ کات بەسەربردن دەچێتە مۆڵ، دەڵێت شت کڕینی ئەو بەڕێککەوتە، نیوە بەنیوە لە مۆڵ و لە بازاڕە کۆنەکان شت دەکڕێت. بە گشتی کە بۆ پیاسە بچێتە مۆڵێک و شتێکی بکەوێتە بەر دڵی، دەیکڕێت، لە بازاڕەکانیش بەهەمان شێوە. بەڵام ئەوەش دەڵێ "هەندەک مارکەی جلوبەرگ و کەلوپەلی ناو ماڵ، بەس لە مۆڵەکان دەست دەکەون".

ڕزگار شەمسەدین بازرگانێکی شتومەکە لە هەولێر، دەڵێ سەردانی چەندین وڵاتی جیهانی کردووە و ئاشنایەتیی زۆری لەگەڵ بازاڕەکان هەیە، پێی وایە زۆربەی ئەو کەلوپەلانەی لە مۆڵەکانی کوردستان دەفرۆشرێن، براند نین، بەڵکو ماستەر کۆپین.

ئاماژەش بەوە دەکات کە لە هەولێر ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی عەرەب و بیانی سەردانی مۆڵەکان دەکەن، لەبەرئەوەی مۆڵەکان مۆدێرنن و کەشوهەوایان گونجاوە بۆ مانەوە و پیاسەکردن، کەلوپەلی زۆرتر و جۆراجۆریشیان هەیە.

سۆزان مستەفا مامۆستایە و دوو منداڵی هەیە، لە گچکەیییەوە ئاشنایە بەقەیسەری و جاران لەگەڵ دایکی دەچوو، دەڵێ "درم بەقەیسەری دەکرێتەوە، وەلەو شتەکانی بڕۆکەک گرانن، بەس لۆ کڕینی جلکی خۆم و مندارەکانم هەر دەچمە وێندەرێ و لۆ هیچ شتەکی مەحتەل نابم، جار جارەش دەچمە جادەی تەیراوە و منارەش، بەس ناچمە مۆڵان".

هێمن هاشم چەند دوکانێکی فرۆشتنی جلوبەرگی هەیە لە مۆڵەکانی هەولێر، پێی وایە خەڵک وەک جاران سەردانی بازاڕە میللییەکان و شێخەڵڵا ناکەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە مۆڵ شوێنی تایبەت بە ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبێل هەیە و خزمەتگوزاریی گشتی و شوێنی حەسانەوە و هەموو جۆرە دوکانێکیش لەخۆ دەگرن.

هەروەها چۆڵبوونی ژمارەیەک دوکانی بازاڕەکانی شێخەڵڵا، قەیسەری و باتەش بە بەڵگە دێنێتەوە بۆ ئەوەی کڕیار پشتیان لە بازاڕەکانی ناوەندی شار کردووە.

قسەکانی هێمن لە کاتێکدایە کە دوکاندارێکی (ئەسواق ئەربیل)ی ژێر قەڵات بە ناوی نەوزاد خالید، کە زیاتر لە بیست ساڵە لەوێ کار دەکات، دەڵێ لە کۆنەوە کڕیاری خۆیان هەیە و خەڵک متمانەیان بەجلوبەرگەکانی ئەوانە و بەردەوام کڕیاریان بەرەو زیادبوونە.



وێنە: مەتین بەهێز

## دەفـر



تەڵعەت تاهیر

# دوایین پیری نالی ناس مارف خەزنەدار

### نەیماوە غەیری زیکرێکی یا صەبوور

لە کۆتاییی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو (قورسیشە منداڵی و هەراشیم بخرێتە سیاقی سەدەی ڕابردوەوە) یەکەم جار چوومە ماڵی دکتۆر مارف خەزنەدار، بەبێجامەیەکەوە سەرقاڵی باخچەی ماڵەکەی بوو، بۆ منی تازە هەراش، دانیشتن لەگەڵ پیاوێکی لە چەشنی دکتۆر مارفدا کە مەلەوانێکی شارەزای بەحری نالی و ناسراوترین ڕووناکبیری هەولێر و بەرگریکارێکی لەسەر هەقی ڕەمزی نافیع و کوردایەتی کارێکی تا بڵێی مایەی کامەرانی بوو، دوای ئەوەی بە دەم قسەوە هەندێ بێڵکاریمان لە باخچەکەی کرد، چوومەوە ژوورە پڕاوپڕ لە کتێبەکەی، هەر زوو سیحری ئەو ژوورە دای گرتم، منێک لەگەڵ دوو برا و دوو خوشک لە ژوورێکدا دەخەوتین، زۆر جار لە حەوشەدا کتێبم دەخوێندەوە و زوو زووش باوکم لە کتێبەکەی دادەبڕاندنم لەوەی کاسبییەک بکەم باشترە، لە پڕ کەوتمە ناو بەهەشتەکەی ئەلیجێری دانتی، کەوتمە ناو بۆنی کتێبان (کە دواتر زانیم بۆنی کتێبخانە زۆر لە بۆنی ناو کڵێسا دەچێت).

من گەنج بووم و ئەویش لەوسەری هەموو بابەتەکان هاتبووەوە، من باسی شۆفەڵێکم دەکرد کە پێویستە هەرچی ئەدیبی کوردە ڕای ماڵێ، ئەویش خەمی ئەوەی بوو کە نالی چەند بەیتی مولەمەعی هەیە. من پێم وا بوو کورد پاکترین میللەتی مێژووە و ئەو پێی وا بوو نەتەوە شەقاوێک ئەولاتری عەشیرەتە، من خوێنگەرم بووم و دەمویست لەناو شاعیرانی گەڕەکی کوراندا یەکەمین بم و ئەو هێشتا سیحری جوانییەکانی سان بترسبۆرگ بەری نەدابوو. پێویستە بڵێم کە من زۆر قەرزاری دکتۆر مارفم، هەمیشە دەرگەی ماڵەکەی بۆ من کراوە بووە، قەت ڕەزیلیی نەکردووە لە وەڵامێک کە پرسیارەکەی خەوی لێ سەندووم، یەکەم کەس بووە دەستی گرتووم لە تێگەیشتنی کلاسیکی کوردی، لێکدانەوەی بە نرخ و ناوازەی هەبوو بۆ شیعری نوێی کوردی سەردەمی عەبدوڵڵا گۆران و نەوەکەی. زۆر جار بەیەکەوە دەچووینە گەڕەکەکانی تەعجیل و عەرەبان و بیرێژێ و یەکە یەکە نەخشەی کۆنی هەولێری پێ دەناساندم، باسی شەتڵە خاسی لە شوێنانێک دەکرد کە بووبووە کتێبخانە و پەنجەی بۆ کۆڵانێک ڕادەکێشا کە کاتی خۆی کارێز بووە، ناوی ئەو ماڵە دەگمەنانەی پێ دەناساندم کە لە ساڵانی چلەکاندا بەکوردی لە ماڵەوە قسەیان دەکرد، باسی قوتابخانەی ئەدەبی سۆفیگەری و شیعری ئۆتۆماتیکی سۆفییەکانی مێژووی ئیسلامیی بۆ دەکردم کە پێش چەندین سەدە لە خۆرئاواییەکان نوێگەرییان داهێناوە (ئەو نوێگەرییەی کە لە سەدەی بیستدا خۆرئاواییەکان پێوەی دەنازن!) لە ڕێی ئەوەوە من کتێبی (عروج)ی محێدین بن عەرەبی و (الامتاع والموانسة) ئەبی حەییانی تەوحیدی و (فن الهوا)ی ئۆڤید و (کۆمیدای ئیلاهی) ئەلیجێری دانتیم خوێندەوە، لە ماڵەکەیدا بەدیع باباجانم ناسی، هەردەم سفرەی خواردن و سفرەی زانست و سفرەی کتێب بۆ هەمووان واڵا بوو، خانەوادەیەکی هەبوو لە ئاو پاکتر و لە حەلوا نەرمتر، زۆر باسی نووسینەوەی یاداشتمان دەکرد (خۆشبەختانە بەهیممەتی دکتۆر شوان یابە، یاداشتەکانی دکتۆر لە دوو توێی حەوت بەرگدا چاپ کرا و بڵاو بووەوە)، بیرمە هەندێ کتێبی یاداشتیشم پێ دا کە پێم وا بوو سوودیان دەبێ، لەوانە (ڕاپۆرت بۆ گریک) نیکۆس کازانتزاکیس. دواتر بەهۆی کارێکەوە لێک دابڕاین، هەمیشەش دانم پیا ناوە کە ئەو دابڕانە ئەنجامی هەڵەیەکی کوشندەی من بوو، من خەتابارم لەوەی دوو کتێبی دکتۆر مارفم فەوتاند، گەنج بووم هەر هێندە لە دنیا دەگەیشتم، دەربەست نەبووم بەدنیا و ڕەفیقایەتییەوە، دوو کتێبەکەم فرۆشت و کتێبی (في ساعة النحس) گابرێل گارسیا مارکیزم پێ کڕی (کە ئێستەش لای من خۆشەویستترین ڕۆمانە) هەرچەندە ئەمە شەفاعەتم بۆ ناکات لە فەوتاندنی دوو بەشەکەی (تاریخ المانیا الهتلریة) و چەندین جاریش داوای لێبووردنم بۆ ناردووە و هەموو جارێکیش بە دڵە گەورەکەی لە ڕێی کاک دکتۆر شوان یابەوە پەیامی بۆ دەناردم و گوتبووی (کتێب بە قوربانی تەڵعەت بێ، بەڵام با بیبینم و بێتە لام و سەردانم بکات)، من بوومە مندارە سلێمانی و بەدیار ئەزمرەوە ڕۆژانم دەگوزەراند و ئەویش هەر لە ماڵە ڕووناکەکەی لە گەڕەکی ڕووناکیدا مایەوە، بۆ زیاتر لە پازدە ساڵ دەچێ من لە قسە و زانست و کەسایەتیی ناوازەی دکتۆر مارف دوورم و ڕووم نەبوو چاوم بە چاوی بکەوێتەوە، بەڵام خەفەتم لەوەدایە کە مرد و پێم نەگوت چەندم خۆش ویستووە، مرد و وەکو پێویست داوای لێبووردنم لێ نەکرد، هیتلەر تەنیا جوولەکەکانی نەسووتاند، پەیوەندییە جوانەکەی من و دکتۆر مارفیشی سووتاند، مێژووی ئەڵمانیای هیتلەری، مێژووی نێوان من و دکتۆر مارفیشی کاول کرد، چەند حەز دەکەم ڕۆژگار بسوڕێتەوە و دەست بۆ ئەو دوو کتێبە نەبەم، ڕۆژان بێتەوە و خاکەناسێک بگرم و لە باخچەکەیدا باسی جۆرەکانی شەراب و شیعری نالی و پەنجا فلسەکەی محەمەد مەولوود مەم بکەینەوە (ئەمجارەیان شەرت بێ قسە لە قسەی نەکەم و تەنیا سەر ڕاوەشێنم).

# پاسەوانانی یادەوەرییەکانی هەولێر

زیرەک تاریق

لە گۆشەیەکی ئارامی پارکی منارە، لە سێبەری سەدان ساڵ مێژووی سەربڵندی هەولێر، دوور لە جەنجاڵیی شار، شوێنێک هەیە بۆنی قاوەی تاڵ و نوقڵی شیرینی لێ نابڕێت. شوێنێک کە چرچ و لۆچی سەر ڕووخساری میوانەکانی، نەخشەی مێژوو و یادەوەریی پڕ لە شانازیی شارێک دەگێڕنەوە.

ئێرە، سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی سوڵتان موزەفەرەدینە، ڕووبەرە بچووکەکەی بووەتە دڵێکی گەورە بۆ هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکانی هەولێری کۆن و نوێ.

ئێوارانی شەممە و سێشەممە، هۆڵە شەست مەترییەکە دەبێتە مەیدانێکی گەورەی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی کۆڵان و گەڕەکەکانی قەڵات و خانەقا، تەعجیل و تەیراوە، کە تێیدا کورد و تورکمان و عەرەب وەک برا لەسەر سفرەی خۆشەویستی و ڕێز کۆ دەبنەوە.

ئەم سەنتەرە کە ناوی هەڵگری یەکێک لە گەشاوەترین ئەستێرەکانی مێژووی هەولێرە، سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرۆ، لە ساڵی ٢٠٢١ بەمۆڵەتی فەرمیی وەزارەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان و پارێزگەی هەولێر دامەزراوە.

بیرۆکەی دامەزراندنی لەلایەن ژمارەیەک کەسایەتیی ناسراوی شارەوە بووە کە تەمەنیان لە سەرووی شەست ساڵەوەیە و ویستوویانە ڕووبەرێک بۆ پاراستنی بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەی هەولێر و زیندووکردنەوەی کولتووری پێکەوەژیان دروست بکەن.

سەنتەرەکە بەسەرۆکایەتیی حاجی ماجد بازرگان، ئەندامی خانەنشینکراوی پەرلەمانی کوردستان و بەبودجە و داراییی سەربەخۆی ئەندامەکانی بەڕێوە دەچێت.

ئامانجی سەرەکیی ئەو سەنتەرە، وەک لە پەیڕەوی ناوەخۆییدا هاتووە، تەنیا خزمەتکردنی هەولێر و هەولێرییەکان نییە، بەڵکو داکۆکیکردنە لەو دابونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پتەوانەی کە دەیان ساڵە بناغەی تەبایی و ئارامیی ئەم شارەیان داڕشتووە.

ئەوانەی ڕووی تێ دەکەن، لە بازرگان و پیاوانی کارەوە بگرە، تا مامۆستایانی ئاینی، پەرلەمانتاران، مامۆستایانی زانکۆ و کاسبکارانی قەیسەرییە مێژووییەکە؛ هەموویان دراوسێ و دۆستی کۆنی یەکترن و، لێرە دوور لە ناسنامەی حزبی و سیاسی، تەنها وەک هەولێرییەک کۆ دەبنەوە.

نەبیل موحسین کەریم، پیاوێکی بەتەمەنە و ئەزموونێکی زۆری لە پەروەردە و فێرکردن هەیە لەو شارە، یاریدەدەری پێشووی بەڕێوەبەری سەرپەرشتیاری بووە لە پەروەردەی هەولێر، ئێستە خانەنشینە و یەکێکە لە ئەندامە کاراکانی سەنتەرەکە، باس لەوە دەکات کە ئەم شوێنە بووەتە مینبەرێک بۆ گۆڕینەوەی ئەزموونەکان و دەڵێت "لێرە هەموو کەسەکان خاوەن ئەزموونی خۆیانن. گفتوگۆ لەسەر باری کۆمەڵایەتی، نیشتمانی و ئابووری دەکرێت. باس لە کولتووری کۆنی هەولێر و ئەو پیشە و کارانە دەکرێت کە بەشێکیان ئێستە نەماون".

ئەو کەسایەتییە بەحەسرەتەوە ئاماژە بەهەندێک پیشەی کۆن دەکات کە ناسنامەی هەولێر بوون و دەڵێت «هەولێر بە پیشەکانیەوە بەناوبانگ بوو. وەکی بەزازی، زێڕنگری و بەقاڵی." تەنانەت باسی هەندێک پیشەی وەک ‹گەچەچی› دەکات کە مافووریان دروست دەکرد و ‹ندافی› کە لۆکەیان پاک دەکردەوە، هەروەها ‹قوتسی› کە جگەرەیان بە قوتوو دەفرۆشت، ئەو پیشانە ئێستە کەم بوونەتەوە یان هەر نەماون.

جوانیی ئەو سەنتەرە تەنیا لە کۆکردنەوەی نەوەی کۆن نییە، بەڵکو بووەتە پردێکی پەیوەندیی نێوان نەوەی کۆن و نوێدا. محەمەد دڵشاد بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری تورکمانە، وەک گەنجێک کە بایەخ بەم دانیشتنانە دەدات، جەخت لە گرینگیی سەنتەرەکە دەکاتەوە و پێی وایە مانەوەی مێژوو و کولتوور بەگێڕانەوەی ئەو کەسە بەئەزموونانە بۆ نەوەی نوێ مسۆگەر دەبێت. دەڵێت «گوێگرتن لەو کەسایەتییانەی هەگبەی ژیانیان پڕە لە ئەزموون، گرینگییەکی زۆری هەیە بۆ ئێمەی گەنج تا شارەزای مێژووی شارەکەمان بین".

مستەفا مەحموود هەولێری، گەنجێکی فۆتۆگرافەرە و یەکێکە لەوانەی بەردەوام سەردانی سەنتەرەکە دەکەن. بەپەرۆشەوە دەڵێت «زۆر شەڕەفمەندم کە لەگەڵ ئەو پیاوە نازدارانەی هەولێر دادەنیشم. کاتێک گوێ لە چیرۆک و بەسەرهاتەکانیان دەگرم لە ساڵانی شەستەکانەوە تا نەوەتەکان، خۆزگە دەخوازم لە سەردەمی ئەواندا ژیابام".

سەنتەری سوڵتان موزەفەرەدین تەنیا شوێنی قاوەخواردنەوە و گێڕانەوەی یادگاری نییە، بەڵکو ناوەندێکی چالاکی ڕۆشنبیرییە. لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا، دەیان کۆڕ، سیمینار، وۆرکشۆپ و مەراسیمی واژۆکردنی کتێبی لە باخچە خنجیلانەکەیدا ئەنجام داوە، بەتایبەت ئەو کتێبانەی کە لەسەر خانەوادە و کەسایەتییە دیارەکانی هەولێر نووسراون.

لەگەڵ هەموو ئەم کارە جوانانەدا، داواکاری و پێشنیازی جدییش هەن. بەشێک لە ڕۆشنبیران و پیاوماقووڵانی سەنتەرەکە پێیان وایە پێویستە «ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری» لەناو سەنتەرەکەدا پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی لەسەر پرسە گرینگەکانی تایبەت بەشارەکە ڕاوێژ بکەن و هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی شار دروست بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە، دەستەی کارگێڕیی سەنتەرەکە بەسەرۆکایەتیی حاجی ماجد بازرگان، هیواخوازن حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان زیاتر ئاوڕ لەم ناوەندە بدەنەوە و هاوکاریان بن لە فراوانکردنی هۆڵی کۆبوونەوەکان، چونکە وەک خۆیان دەڵێن، ئەم «نوخبە جوانەی هەولێرییەکان» کە یەکێکە لە جوانترین نموونەکانی پێکەوەژیان لە کوردستان، شایەنی شوێنێکی فراوانتر و شایستەترن.



وێنە: شڤان هەرکی

## مۆنیۆمێنتی جینۆسایدی بارزانییەکان

# سەکۆی گەیاندنی دەنگی هەستانەوەی نەتەوەیەک

**سیروان مەحموود ئەرگۆشی**

لە ناوچەی سەختی بارزاندا، کە شاخەکان چیرۆکی سەدان ڕابوون و شۆڕشیان لە ناخدا هەڵگرتووە، ئایکۆنێکی ئەندازیاری نەک تەنها لە بەرد و مس، بەڵکو لە یادەوەری و ماتەمینی، لە نەمری و هەستانەوە بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆحی بەرزەفڕ و گیانفیداییی میللەتێک بنیات نراوە.

مۆنیۆمێنتی جینۆسایدی بارزانییەکان، شوێنێک نییە بۆ ماتەمینی، سەکۆیەکە بۆ خستنە ڕووی دووبارە لەدایکبوونەوە. شایەدحاڵی زوڵمێک نییە هێندەی شایەدی ڕەتکردنەوەی سڕینەوەیە.

دەروازەی مۆنیۆمێنتەکە هاوشێوەی کەوانەی سەرکەوتنی پاریس، چەمکی ئازادی و سەربەخۆیی لای بارزانییەکان لە شاکارێکی ئەندازیاریدا پێناسە دەکات، لەسەر بنەمای ئەو کولتوورەی تەریقەتی بارزان لەسەری بنیات نراوە، کە دادپەروەری، یەکسانی و ئازادییە، لەسەر هەشت ستوون وەک ئاماژەیەک بۆ هەشت هەزار جینۆسایدکراوی بارزانی دایان ڕشتووە.

لە دەروازەی مۆنیۆمێنت کۆمەڵێک لاو، کە هەریەکەیان باوک، برا، ئامۆزا یان باپیری جینۆسیاد کراوە لە پێشوازیی میوانەکانن، دلۆڤان سلێمان سەرپەرشتیاری مۆنیۆمێنتی جینۆسایدی بارزانییەکان بۆ (گڵکەند) دەڵێت "بەچاودێریی ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی لە حوزەیرانی ٢٠٢٠دا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاسپاردەی مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەت بودجە بۆ دروستکردنی مۆنیۆمێنتەکە تەرخان کرا، لە نزیکەوە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی سەرپەرشتیی کرد، بە ماوەی یەک ساڵ لە حوزەیرانی ٢٠٢١دا پڕۆژەکە جێبەجێ کرا، بۆ ئەوەی یادگەکە ئامانجەکانی بپێکێت لەلایەن جەنابی مەلا مستەفا و نووسینگەکەی ڕاستەوخۆ چاودێریی کارەکانی دەکرێت، هەر ئەمەش وای کردووە چاوی هەموو لایەکی لەسەر بێت و جێی سەرنجی میوانانیشی بێت".

هەرچەندە ئەو ساڵەی پڕۆژەکەی تێدا جێبەجێ کرا، باشووری کوردستان بەرەو ڕووی دوو ئاڵنگاری گەورە بووەوە، پەتای کۆڕۆنا و بڕینی بودجە، بەڵام وەکو دەردەکەوێت خەمخۆری سەرپەرشتیاران وای کرد بەماوەیەکی کەم کۆتاییی پێ بێت. دلۆڤان سلێمان ئەمەشی بۆ بایەخی مۆنیۆمێنتەکە گەڕاندەوە کە جێبەجێکردنی بە بەهاتر لە هەموو بەربەستەکان سەیر دەکرا.

لە بارەی مەبەستی دروستکردنی مۆنیۆمێنتەکەشەوە گوتی "ناساندنی جینۆسایدی کوردان بەشێوەیەکی گشتی و جینۆسایدی بارزانییەکان بەتایبەتی بەجیهان، لە مەبەستەکانیەتی، تا بزانرێت چی بەرامبەر کورد و بارزان کراوە، ئەو مۆنیۆمێنتە ببێتە نوێنەرێک بۆ گەیاندنی ئەو تاوانە گەورەیەی کە بەسەر میللەتەکەمان هاتووە بە گێتی، مەبەستێکی تری بەرجەستەکردنی گەورەییی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە، کە ڕژێمی بەعس (١٩٦٨-٢٠٠٣) لە عێراق بەرامبەر میللەتی کورد گرتییە بەر، نەوەی داهاتووش بەو زوڵمەی ئەوان ئاشنا بکرێت، چونکە مۆنیۆمێنت هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی ڕابردوو بەنەوەی داهاتوو و ئایندە".

مۆنۆمێنتەکە بە دەستی کەسوکاری جینۆسایدکراوان یان نزیک لەوان بنیات نراوە، ئەمەش هەڵگڕان بوو بەرامبەر دوژمنانی کورد، سەردەمانێک ڕێگرییان لێ دەکردن، ڕۆژگار لەسەر خاکی خۆیان بکەنەوە، ئەمڕۆ کار بۆ بنیاتنانی داهاتوو دەکەن.

لە کۆی هەشت هەزار جینۆسایدکراوی بارزانی، تەنیا ڕوفاتی (٦٩٦) کەسیان گەڕێندراونەتەوە و لە چوارچێوەی ڕووبەری دیاریکراوی مۆنیۆمێنتەکە بەخاک سپێردراون، لە بارەی چۆنیەتیی جێگەکردنەوە بۆ تەرمی تریش، دلۆڤان سلێمان گوتی «ڕووبەری مۆنیۆمێنتەکە یازدە هەزار مەتر دووجایە، شوێنی تەواوی ڕوفاتی جینۆسایدکراوانی تێدا دەبێتەوە»، لە بارەی کاریگەریی مۆنیۆمێنتەکەشەوە لەسەر ژینگەی بارزان گوتی «پرسی پاراستنی ژینگە یەکێک لەو تێبینیانە نەبوو لە کاتی بنیاتنانی پڕۆژەکە بە هەند وەرگیراوە، کاتێک کاریشی تێدا کرا بە ناچاری، چل و شەش دار بڕدران، بەڵام لەسەر ڕێنماییی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی، لە قۆناغی یەکەم لە شوێنی هەریەک لەو دارانە سەت داری تر ڕوێندران، لە قۆناغی دووەم ژمارەکەی گەیەندرایە هەشت هەزار دار".

**گوڵی ڕەبەن ڕەمزی قوربانیی میللەتی کورد**

گوڵی ڕەبەن یان گوڵی لالێ، سیمبولی خوێنی شەهیدانە، بۆیە خونچەی ئەو گوڵە کراوەتە بناغەی میمۆریاڵی مۆنیۆمێنتەکە، هەرچەندە خونچەکەی بە فرمێسکی دایک پڕژێن کراوە، بەڵام مانای دەستپێکی ژیانێکی نوێی لەخۆ گرتووە، ژیانێک کە فرمێسکی بێ کەسی و بێ پشت و پەناییی لێ دەچۆڕێت. دوو لە هەشت گەڵای مێمۆریاڵەکە یەکێکیان بە ئاڵای کوردستان و ئەوەی تریشیان بەجامانەی سوور پێچراون، تەواوی کارەکەش شوێنی ١٨٢ هەزار چەکوشی لەسەر دەبینرێت، کە هێمای کۆی ئەنفالکراوانی کوردستان دەگەیێنێت و تەواوی کارەکەش بە مادەی سفر و مس ڕووپۆش کراوە، دوای ئەوەی تێک ئاڵاوە و بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، شەوانەش ڕووناکییەکی لێ دەردەچێت کە واتای پیرۆزیی ڕۆحی شەهیدانی کوردستان دەگەیەنێت.

بەرزیی ئاستی هونەری مۆنیۆمێنتی جینۆسایدی بارزانییەکان، ڕەمز و هێمایەکانی پێمان دەڵێن، کە مۆنیۆمێنتەکە هێزێکی مەعریفی و کولتووریی جۆشکراو بە بیری نەتەوەیی لە پشتە، هێزێک کە توانا ناوکییەکەی لە پڕۆسەیەکی مێژوویی وەرگرتووە، بەشێوەیەک داچەقیوە بەرگەی تۆفانی نوحیش دەگرێت.





# لە ئەڵمانیاوە بە 37 ڕۆژ گەیشتەوە عەنکاوە

هەدیر کۆندا

سەرەتای ئەم مانگە ژنێکی کریستیانی عەنکاوە دوای گەشتێکی ٣٧ ڕۆژە بەپایسکل لەگەڵ هاوژینە ڕووسییەکەی لە ئەڵمانیاوە گەیشتنەوە هەولێر، ئەو کە بە پایسکیل چەندین وڵات گەڕاوە، دەڵێت عەنکاوە و هەولێر لە هەموو شارەکانی دنیا خۆشترن.

ئیڤا سڵێوە بەیتوون (تەمەن ٥٣ ساڵ)، کە ئێوارەی ڕۆژی سێی ئەم مانگە لەگەڵ جۆرج سباتەری هاوژینی گەیشتنەوە زێد، یادگاریی زۆری لە عەنکاوە هەیە و لە تەمەنێکی بچووکەوە شەیدای یاریی تۆپی بالە و تۆپی سەرمێز بووە، بۆیە هەرکە گەڕاوە سەردانی یانەی ئەکادی شارەکەی کرد.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیشی لە عەنکاوە تەواو کردووە، لە سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو کوردستان بەجێ دێڵێت و ڕوو دەکاتە ئەڵمانیا، لە شاری ئوسنا بروک نیشتەجێ دەبێت و هەر لەوێش هاوسەرگیری دەکات.

ئیڤا دوای گەیشتنی بەعەنکاوە بۆ (گڵکەند) گوتی «گەشتەکەم زۆر دوور و درێژ بوو، بەڵام تامەزرۆی گەیشتن بەعەنکاوە بۆی ئاسان کردم، هاوسەرەکەشم هاندەرێکی باشم بوو تا بگەمەوە شوێنی یادگارییەکانم و منداڵیم“.

ئەو کە پێشوەختە بڕیاری دابوو یەکەم وێستگەی لە هەولێر سەردانیکردنی یانەی ئەکادی کچان بێت کە یەکێکە لە یانە بەناوبانگەکانی تۆپی بالە و لە پاڵەوانەکانی کوردستانە. پێشوازیکردنی گەرمی خەڵک لە ئیڤا لە پێش ئەو یانەیە سەرسامی کردووە، لەم بارەوە دەڵێت ”یانەکە ڕێزیان لێ ناوە و هەرگیز ئەوەی لە بیر ناچێتەوە“.

لە بارەی گەشتەکەشیەوە باس لەوە دەکات کە لە ژیانی خۆیدا گەشتی زۆری بە پایسکل کردووە، فەڕەنسا، هۆڵەندا، بەلجیکا و وڵاتانی دیکە گەڕاوە، بەڵام ”بۆ من ئەم گەشتە هەستێکی تایبەتی هەبوو، بۆیە ماندووبوون و شەکەتی و دوورودرێژیی گەشتەکە ڕای نەگرتم و ساردی نەکردمەوە“.

بەگوتەی ئەو، شوێن و مەنزڵگە و یادگارییەکانی و کوچە و کۆڵانەکانی عەنکاوە ئەوە دەهێنێت لە پێناویدا ماندوو بێت، دەڵێت «هەموو شتێکی جارانم لە یاد ماوەتەوە و چێژی تایبەتیان بۆ من هەیە“.

ئەو ژنە کریستیانە زۆر خۆشحاڵە بەبینینی پێشکەوتنی گەورەی هەولێر لە هەموو ڕووەکانەوە و ئاماژە بەوە دەکات ”هەرێمی کوردستان زۆر هێمن و ئارامە، زۆر پێشکەوتووە. بەئومێدم هەولێر و عەنکاوە زیاتریش گەشە بکەن“. تکاش دەکات حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی زیاتر بە سروشت بدات و وڵات سەوزتر بکرێت.

ئیڤا کە بۆ گەیشتن بەهەولێر ٤٥٠٠ کیلۆمەتری بڕیوە، هەروەها بە ژمارەیەک وڵاتدا تێپەڕیوە لەوانە چیک، هەنگاریا، نەمسا، سڕبیا، بولگاریا، یۆنان و تورکیا. بڕیاری داوە ماوەی ١٠ ڕۆژ لە هەولێر بمێنێتەوە، سوپاسی خەڵکی کوردستان و هەولێر دەکات کە پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردووە.



وێنە: مەتین بەهێز

# ماڵێك لە تەیراوە دەبێتە سینەما

**گڵکەند**

لە کۆڵانێکی تەسکی تەیراوەدا، کە هەست دەکەیت کات خاوتر تێ دەپەڕێت، پیاوێکی تەمەن ٦٩ ساڵ، پرۆژێکتەرێکی کۆنی سینەمای لەناو ماڵەکەیدا زیندی کردووەتەوە.

جەوهەر ئەنوەر لە حەفتاکانی سەتەی ڕابردوودا پرۆژێکتۆری سینەما سەڵاحەدین بووە، ئێستە نهۆمی یەکەمی خانووە ١٣٠ مەترییەکەی بەیادی جاران کردووەتە سینەما، هەفتەی دوو جار بەبێ بەرانبەر فیلم پیشانی خەڵک و برادەرانی دەدات، جار جارە میوە و شیرینییش بەسەر میواناندا دابەش دەکرێت.

لەو شوێنە بچووکەدا کە جێی ٥٠ کورسی دەبێتەوە، فەزاییێک لە نۆستالژیا و هونەر و کۆمەڵگەیەکی بچووک بنیات نراوە. دیوارەکان بەپۆستەری کۆنی ئایکۆنەکانی جارانی سینەما ڕازاونەتەوە. شاشەیەکی سێ بە شەش مەتری، ڕۆژانی هەینی فیلمە کلاسیکە هیندییەکان و ڕۆژانی دووشەممەش فیلمە کۆنە ئینگلیزییەکانی لەسەر دەدرەوشێتەوە.

جەوهەر ئەنوەر کە جاران سینەمایەکی گەڕۆکی لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر دەگێڕا، پێش حەفت ساڵ مۆڵەتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئاسایش وەرگرتووە بۆ کردنەوەی سینەمای ماڵەوە. لەم بارەوە دەڵێت "حەموو ژیانم لەناو سینەمەی بەسەر بردییە، وەکی لە هەولێریّ سینەمە نەمابوو، دەمویست شتەکی بکەم زندی بکەمەوە، لۆیێ ماری خۆم کردە سینەمە".

دامەزراندنی سینەمای ماڵی جەوهەر ئەنوەر نێزیکەی سێ دەفتەر دۆلاری تێ چووە. هەمووی لە گیرفانی خۆی داوە، لەوساشەوە تا ئێستە چوونە ژوورەوە بێ بەرانبەرە، جار جارە شیرینی و میوەش پێشکێشی میوانەکانی دەکات.

پیشاندانی ئەو فیلمە کۆنانە، سەدان یادگاری دێنێتەوە یادی ئەو سینەمادۆستە و میوانەکانی، هۆڵەکە بووەتە شوێنێکیش بۆ کۆبوونەوە و یەکتر بینینی هاوڕێ کۆنەکان و ئاشنابوونەوەی خەڵکی کۆنی گەڕەک و ئەو هاوڕێیانەیان کە ساڵانێکە سەرقاڵییەکانی ژیان لێکی دوور خستینەوە.

جەوهەر ئەنوەر دەڵێت ئامانجی ئەو لەو کارەیدا، ئاشتکردنەوەی خەڵکە بەسینەمای جاران و ئاشناکردنی گەنجانە بەو سینەمایەی نەوەی جاران بینیویانە.

هەڵبژاردنی فیلمەکانی سینەمای ماڵەکەی تەیراوە لەسەر داوای ئامادەبووانە، ئەو فیلمانەی پیشان دەدرێن، زۆربەیان مێژوویی و کۆمەڵایەتین. بەڵام لەوەش زیاتر ئەو ماڵە بووەتە جێی کۆبوونەوەی هونەرمەندانیش، زۆر جار هونەرمەندانی شانۆکار و سینەماکار، لەوێندەر پرۆڤەکانی شانۆ و درامای خۆیان ئەنجام دەدەن.

# سینەما هاوینییەکانی هەولێر

**پشتیوان عەبدوڵڵا**

شێستەکانی سەتەی ڕابردوو هەتا کۆتاییی حەفتاکان، ئامێری ساردکەرەوەی وەک موبەریدە لە هەولێر نەبوو، تاک و تەرا پانکە هەبوو، خەڵک بەباوەشێنەی دار خۆیان فێنک دەکردەوە. واش هەست دەکرێت ئەو کات هەولێر وەکی ئێستە گەرم نەبوو، هیچ نەبی ئۆندە سەیارە و موەلیدە و کارگەی لێ نەبوو کە پلەی گەرما بفرێنێت و ئۆکسجین بەشی هەناسەدانیش نەمێنێت، سەرباری ئەوەی تەلاری بەرز و بلۆکدروستکراویش جارێ قیت نەکرابوونەوە، بە زۆری خانیی کەرپووچ بوو لە دەشتەکی تەخت و پان و بەرین کە ئێستە هەمووی بووەتە گەڕەکی قەرەباڵغ. لەگەڵ ئەوانەشدا سینەما کۆنەکانی هەولێر، بۆ وەرزی هاوینان سینەمای تایبەتی هاوینەیان دروست دەکرد.

ئەو سینەمایانە شەوانە لە کەشوهەوایەکی کراوە و فێنکدا فیلمیان پەخش دەکرد. پتریش خانەوادە و خێزانی هەولێریّ دەچوونە سینەمای شەوانی هاوینان نەک هەر گەنجی زگورتی.



سەرەتا سینەمای سەڵاحەدین یەکەم سینەمای هاوینەی کردەوە کە هەر لە تەنیشت هۆڵی سینەماکە بوو، شاشەیەکی گەورەی لە گۆڕەپان و باخچەکەی سینەماکە تەرخان کردبوو، کورسییەکی زۆری لێ ڕیز کردبوو، شەوانی هاوین لەو سینەما کراوەیەدا بەردەوام فیلمی نوێ پەخش دەکران، دواتر سینەمای حەمراش چاوی لێ کرد و سینەمای هاوینەی کردەوە، ئینجا سینەما سیروانیش هەمان ڕێچکەی گرتە بەر.


هەر لە هەولێریّ دوو سینەمای دیکەی هاوینەی تایبەت کرانەوە بەناوەکانی سینەما سەفین و سینەما جوندیان، کە دەکەوتنە تەنیشت گۆڕەپانی بینایەی مەحکەمەی کۆنی هەولێر، زۆر جار شەوانە خەڵکانێک لەسەر قەڵات، لە دوورەوە لە شاشەی فیلمەکانیان دەڕوانی، وەلێ فیلمەکان لە دوورەوە دیتنیان ئەوها خۆش نەبوو، بەتایبەتی کە نەدەتواندرا گوێبیستی دەنگی فیلمەکە بیت. تەنیا ئەوەندەی خۆش بوو کە بێ کڕینی بلێت فیلمت دەدیت.

کەشی سینەمای هاوینەی هەولێر بۆ خێزان تاموچێژێکی تایبەتی خۆی هەبوو، تا ساڵی ١٩٧٧ بەردەوام بوو، بەهەر هۆکارێک بێت دوای ئەو ساڵە دیاردەی سینەمای هاوینە لە هەولێر نەما و سەرجەمیان تێکدران، تەنها ئەوە نەبێت کە جار جارە لە باخچەی شار بەرامبەر سینەما حەمرا، شەوانە فیلم بەبێ بەرامبەر پەخش دەکرا و خەڵکی هەولێر سەردانیان دەکرد.

## ئەو شارسازە یۆنانییەی

# قەڵاتی کردە چەقی هەولێر



دوای چەندین سەدە گەشەسەندنی لەخۆڕا و ڕەمەکی، کە بەپێی بارودۆخی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی قاڵبی گرتبوو، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، هەولێر گەیشتە دەروازەی گۆڕانکارییە گەورەکانی شارسازی. کاتێک حکوومەتی عێراق هاوکاریی ئەندازیار و بیرمەندی یۆنانی کۆنستنتینۆس دۆکسیادیسی وەدەست هێنا، کە لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لە دیارترین پلاندانەران و شارسازە هەرە ناودارەکانی جیهان، بەئامانجی داڕشتنی ماستەرپلانێکی مۆدێرن بۆ هەولێر، کە هاوسەنگیی گەشەی دانیشتوان و تازەگەری بێنێتە ئاراوە، لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە تایبەتمەندی و شوناسی مێژوویی شارەکە بکات.

**پرۆفیسۆر: عەبدولباقی حەیدەری**

دۆکسیادیس: فەلسەفەیەکی مرۆڤ-سەنتەر بۆ پلاندانان

دۆکسیادیس تەنیا ئەندازیار نەبوو؛ بیرمەند و تیۆریستێکی شارساز بوو، ڕوانینێکی گشتگیری هەبوو کە بە (ئێکیستیک) ناسرابوو.

ئێکیستیک زانستی نیشتەجێبوونی مرۆڤە، ئامانجی بەدەستهێنانی هاوسەنگییە لە نێوان دانیشتوان و ژینگەکەیان بەلێکۆڵینەوە و پلاندانان بۆ هەموو جۆرەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ. لە شوێنی نیشتەجێبوونی تاکەکەسییەوە تا شارە گەورەکان. ئەو تیۆرە لە ساڵی ١٩٤٢، لەلایەن کۆنستنتینۆس ئەپۆستۆلۆس دۆکسیادیسەوە داڕێژراوە، سوود لە دیسیپلینە جۆراوجۆرەکانی وەک تەلارسازی، کۆمەڵناسی و جوگرافیا وەردەگرێت بۆ شیکردنەوەی پێنج توخمە بنەڕەتییەکەی نیشتەجێبوونی مرۆڤ: سروشت، مرۆڤ، کۆمەڵگە، پێکهاتەکان و سیستەمەکان.

تیۆرێکە بەئامانجی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و شوێن لە شاردا، لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە مرۆڤ وەک توخمێکی بنەڕەتی لە ژینگەی شارستانیدا. بۆیە کاتێک دەستی بەدیزاینی ماستەرپلانی هەولێر کرد، دیدگای وا بوو کە گەشەی شارسازیی ئایندە بەهاوئاهەنگی لەگەڵ پێداویستییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکان ڕێک بخات، لە پاڵ دابینکردنی گەڕەکی شارستانی لەبار بۆ فراوانبوون، بێ زیانگەیاندن و ڕووشاندنی کرۆکە مێژووییەکەی.

### توخمەکانی ماستەرپلانی هەولێر (پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو)

پلانی دۆکسیادیس پشتی بەچەند بنەمایەکی بنەڕەتی بەست، لەوانە ناوەندی مێژوویی وەکو خاڵی دەستپێک: قەڵای هەولێری کردە ناوەندێکی شارستانیی ڕەمزی و ڕۆحی، کە بەبازنەی کار دەورە دراوە و بەرە بەرە لە ناوەندەوە بەرەو دەوروبەر فراوان دەبێت. هەروەها دابەشکردنی شار بەسەر کەرتەکانی کار: ناوچەکانی نیشتەجێبوون لە ناوچە پیشەسازی و بازرگانییەکان جیا کرانەوە، لە پاڵ دەستەبەرکردنی تۆڕێکی ڕێگەوبانی پلان بۆداڕێژراو، بەمەبەستی ئاسانکاریی جووڵە و دوورکەوتنەوە لە تێکگیربوونی ڕەمەکییانە.

سەرباری یەکخستنی ڕووبەرە کەسکەکان، پارک و شوێنە کراوەکان وەک توخمە پەیکەری نەک تەنیا جوانکاری دیزاین کران، ئەمەش لە پێناو فەراهەمکردنی ژینگەیەکی شارسازیی هاوسەنگ لە ڕووی دروستی و دەروونییەوە. لەگەڵ ئاسانیی فراوانکردن، شارەکە بەشێوەیەک دیزاین کرا کە ڕێگە بدات لە داهاتوودا بەشێوەیەکی ڕێک خراو و بەرە بەرە فراوان بکرێت. هەروەها لە ڕووی کارلێکی نێوان ناوەند و دەوروبەرەوە، پلانێکی مەرکەزیی چەقبەستووانە نەبوو، بەڵکو هاوسەنگییەکی لە نێوان دڵی شار (قەڵات) و گەڕەکە تازەکان هێنایە ئاراوە، بەدامەزراندنی ناوەندە خزمەتگوزارییە خۆجێیەکان.

### مۆدێلی بازنەیی دۆکسیادیس

یەکێک لە سیما هەرە بەرچاوەکانی ماستەرپلانی دۆکسیادیس، پشتبەستن بوو بەمۆدێلی بازنەیی تیشکاوێژ، کە قەڵای کردە چەقە ئەڵقەیەک کە ئەڵقەکانی دیکەی شارسازی یەک بەدوای یەک بەدەوریدا دەهاتن و لە ڕێگەی تەوەرە تیشکییەکانەوە بەرەو دەرەوەی شار ڕادەکشان.

ئەم ڕێکخستنە چەند ئامانجێکی بەدەست هێنا، لەوانە بەرجەستەکردنی هێماگەریی قەڵا وەک سەرچاوە و ناوەندێکی کولتووری. ئاسانکاریی جووڵە لە ناوەندەوە بۆ دەوروبەر، لە ڕێگەی تەوەرە سەرەکییە ڕێکخراوەکانەوە. دەستەبەریی دابەشکردنێکی هاوسەنگی خزمەتگوزارییەکان بە پانتاییی ئەڵقەکانی شاردا. هەروەها بەرزکردنەوەی توانای شار بۆ فراوانبوون بەشێوەیەکی ڕوون و کۆنترۆڵکراو لە داهاتوودا.

ئەو نەخشەیە هەولێری کردە شارێکی خاوەن دڵێکی زیندوو و دەوروبەرێک بۆ هەناسە و پشوو، ئەوەش بۆ ڕێگری لە قەرەباڵغی و تێکچڕژان لەناو سەنتەرە مێژووییەکەدا یارمەتیدەر بوو.

### پلانی ئەستێرەیی: دیدێکی داهاتوو

جگە لە مۆدێلی بازنەیی تیشکاوێژ، دۆکسیادیس مۆدێلێکی تەواوکەری پێشنیاز کرد، لەسەر بنەمای گەشەی شێوە ئەستێرەیی. لەم مۆدێلەدا شارە بەدرێژاییی تیشکەکان ڕادەکشێت و بەئاراستەی ناوەندە گرینگەکانی ناوچەکەدا فراوان دەبێت، وەک ڕێگەکانی کەرکووک، مووسڵ، شەقڵاوە و سلێمانی.

لەم مۆدێلەدا، شار دابەش دەبێتە سەر قۆڵی شارسازی کە بەناوچەی سەوز جیا کراونەتەوە. پێشینە دەدرێت بە بەستنەوەی هەولێر بەدەوروبەری ناوچەیی، ئەمەش پێگەی شار وەک ناوەندێکی ستراتیژی بەهێز دەکات. لەگەڵ فراوانبوونی شار بەبێ دەستدرێژیکردنە سەر ڕووبەرە ژینگەییەکان یان زەوییە کشتوکاڵییەکان.

هەرچەندە ئەم مۆدێلە بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە، بەڵام قووڵاییی دیدگەی دۆکسیادیس ڕەنگ دەداتەوە، دڵنیابوون لەوەی چیی دی هەولێر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی گەشە نەکات، بەڵکو وەک قەوارەیەکی پلان بۆداڕێژراو و گشتگیر فراون ببێت.

### کاریگەریی پلانەکە لەسەر گەشەی شارستانیدا

سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییانەی ڕووبەڕووی عێراق بوونەوە، کە ڕێگر بوون لە جێبەجێکردنی تەواوی پلانەکە، بەڵام تا ئێستەش کاریگەریی دۆکسیادیس بەچەند تایبەتمەندییەکی پێکهاتەییی هەولێرەوە دیارە، لەوانە پلاندانان بۆ هەندێک گەڕەکی تازەی نیشتەجێبوون بەپێی سیستەمێکی تۆڕبەندی ڕێک خراو و دروستکردنی تەوەرەڕێگە کە لە ناوەندی شارەوە تا دەوروبەری درێژ دەبنەوە. لەگەڵ پەسندکردنی پرەنسیپەکانی جیاکردنەوە لەسەر بنەمای کار لە هەندێک ناوچەی تازەدا.

ئەم پلانە بناغەیەکی بنەڕەتیی پێک هێنا کە دوای چەندین سەدە لە گەشەکردنی ڕەمەکی، دیدگەیەکی عەقڵانی و ڕێکخستنێکی زانستی بۆ پلاندانانی شارسازیی هەولێر گەڕاندەوە.

### خوێندنەوەی ئێستە لە چاوی ڕابردووەوە

کاتێک ئەمڕۆ بەهەموو فراوانبوونەکانی شار و ئاڵنگارییە شارستانیەکەوە سەیری هەولێر دەکەین، گەڕانەوە بۆ پلانی دۆکسیادیس، تەنیا خوێندنەوەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکو گەڕاندنەوەی ڕێبازێکی پلاندانانی تەماخواز و مرۆڤدۆستانەیە.

ئەوەی دۆکسیادیس پێشکێشی هەولێری کرد لە هێڵکاری و نەخشەیەک زیاتر بوو؛ فەلسەفەیەکی گشتگیر بوو بۆ تێگەیشتن لە شارەکە وەک یەکەیەکی زیندوو، کە لە چەقەوە بەرەو ئایندە هەناسە دەدات.

ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت ئەم ڕێبازەی پلاندانان زیندوو بکرێتەوە و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بەشێوازێکی گونجاو لەگەڵ ئاڵنگارییە هەنووکەییەکان و ئاواتەکانی ئایندەدا، لە پێناو هەولێرێکی هاوکۆک لەگەڵ ڕابردووی شکۆمەند و ئایندەی گەشی خۆیدا.

وەرگێڕانی: ئیسماعیل گەڵاڵی

## لە ئیسماعیلیەوە گۆڕا بۆ ئازادی

# چیرۆکی دروستکردنی یەکەم گەڕەکی مۆدێرن

حوسێن عەبدولڕەحمان

یەکەم گەڕەکی شاری هەولێر کە بەشێوازێکی ئەندازەیی و تەلارسازیی شارستانیی مۆدێرن دروست کرا، گەڕەکی ئازادی بوو، کە دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیریی ئەو کاتی شار سەرپەرشتییان دەکرد، خانووەکان ڕووبەریان گەورە بوو، شەقامەکانی پان و بەرین بوون، لایەنی ژینگەییی تێدا ڕەچاو کرابوو، بەجۆرێک نیوەی زیاتری ڕووبەری خانووەکان باخچە بوو.

حەوێز ڕەحمان لە چلەکانی سەتەی ڕابردوو لە گوندی هێلەوە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە لە تەمەنی لاوێتیدا لەگەڵ وەستاکانی گوندەکەی بەمەبەستی کرێکاری هاتوچۆی شاری هەولێری کردووە، چیرۆکی دروستبوونی ئەو گەڕەکەی لە یادە و بۆ (گڵکەند)ی دەگێڕێتەوە "لە ئاخیرەکانی ساری پەنجا سێ مەشروعی گەورە لە هەولێر کرا، مەلعەبی هەولێرێ و قاعەی شەعب و گەڕەکی ئیسماعیلیە بوو، بەناوی موتەسەڕیفی ئەودەمی هەولێرێ بوو، بەینی نۆهەت لۆ سەت خانی دەبوو، زۆربەیان مۆزەف و مامۆستا بوون".

حەوێز ڕۆژانە لەگەر وەستا تەهای دەچووە کرێکاری، دەڵێ "وەستا تەها وەستایەکی ڕەئیسی بوو، پێنج شەش وەستا و کۆمەرەک عەمەلەی لەبەردەست بوو، ڕۆژانە بەسەر خانییەکاندا دابەشی دەکردین، ئەمن کەرپووچم لۆ وەستای دەکێشاوە، ڕۆژانە حەفت درهەمم وەردەگرت".

ئەو گەڕەکە نوێیە جیاوازیی زۆر بوو لەگەڵ گەڕەکەکانی دیکەی شار، هەر خانییەک ڕووبەرەکەی ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ مەتر دەبوو، هەمووی لە کەرپووچ دروست کرابوون.

لە هەشتاکانی سەتەی ڕابردوو بەدواوە، خەڵک لە چواردەوری گەڕەکی ئازادی عاردیان کڕی و خانیی نوێیان لێ دروست کرد، تخوبی ئازادی هەتا جادەی مەخموور چوو، ئەو کات حەوێز ڕەحمانیش ١٥٠ مەتر عاردی لە ئیسماعیل یەعقووب کڕی، هەر مەترێک بە سێ دینار و ڕوبعەک کەم، هەمووی کردییە ٤٠٠ دینار.

بەگوتەی حەوێز، هاتوچۆی خەڵک ئەو کات زەحمەت بوو، لە کن حەمامی ئازادی فلکەک هەبوو، یەک ئامانەی مارسیدسی مۆدیل کۆنی لێ بوو، پێیان دەگۆت ئامانەی ڕەقەم پێنج، دەچووە ناو بازاڕی لای بانک و پاشان دەچووە بەردەم محافەزەی، دوایێ بایەداوە سێتاقان، ئەگەر لە پێشەوەی ئامانەی دانیشتبای کورسییەکە ئیسفەنج بوو، جابییەکە نەفەری ١٥ فلسی وەردەگرت، ئەگەر لە پشتەوەش دانیشتبای کورسییەکە دار بوو، نەفەری بە ١٠ فلس بوو.

مومتاز حەیدەریی نووسەر کە ئێستە تەمەنی هەشتا و حەفت ساڵە، ماوەی چل و دوو ساڵ لەم گەڕەکە ژیاوە، باسی سەرەتاکانی دروستبوونی ئازادی بۆ (گڵکەند) دەکات، کاتێک کۆمەڵێک فەرمانبەر و مامۆستا کۆمەڵەیەکیان پێک هێناوە بەناوی کۆمەڵەی دروستکردنی خانوو، ویستوویانە لە شوێنێکی تایبەت خانووی شیاو بۆ چینێکی دیاریکراوی مامۆستا و فەرمانبەران دروست بکەن.

باسی ڕۆڵی دوکتۆر ئیحسان شێرزاد دەکات کە ئەندازیارێکی لێهاتووی هەولێر بووە، نەخشەی خانووەکانی گەڕەکی ئازادیی کێشاوە، هەروەها پێی وایە نرخی هەر خانووێک ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ دینار بووە.

مومتاز حیدەری هەروەها باسی گۆڕینی ناوی گەڕەکی ئیسماعیلیە بۆ ئازادی دەکات "لە هەولێر ژمارەیەک پارێزەری نیشتمانپەروەر هەبوون، هەمزە عەبدوڵڵا ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو کاتی پارتی یەکێکیان بوو، لە دوای ١٤ی تەمووز ژووری پارێزەران بووبووە بارەگەیەکی سیاسی و کوردایەتی، من شاهێدی ئەو ڕۆژەم کە مامۆستا هەمزە لە ژووری پارێزەران دانیشتبوو، پێشنیازی کرد ناوی گەڕەکی ئیسماعیلیە بگۆڕن بۆ گەڕەکی ئازادی، ئەوانیش یەکسەر پەسندیان کرد، هەر ئەو کات بەرپرسی ژووری پارێزەران نووسراوێکی فەرمیی ئاراستەی شارەوانیی هەولێر کرد، داوای کرد ناوی گەڕەکی ئیسماعیلیە بگۆڕن بۆ گەڕەکی ئازادی، شارەوانییش پەسندی کرد".

جاران سنووری شارەوانیی هەولێر تا گەڕەکی ئازادی بووە، ئەو کات سەیتەرەی کەرکووک- هەولێر لە فلکەی ئاوێنە بووە کە دەکاتە نزیک یاریگەی نێودەوڵەتیی هەولێر، ئەو دەشتە بووەتە سنووری نێوان هەولێر و کەرکووک.



وێنە: مەتین بەهێز

## ڕەسووڵ گەردی چۆن باسی دەکرد؟

# شەماڵ سائیب و خۆشەویستە کریستیانەکەی

نازم دڵبەند

ساڵی ١٩٣٠ منداڵێک لە خێزانێکی خواپێداوی سلێمانی لەدایک دەبێت، هەر لە گچکەیییەوە بەهرەی دەنگخۆشیی تێدا دەردەکەوێت، لە هەرزەکاری دەکەوێتە ژێر کاریگەریی گۆرانییەکانی فەرید ئەترەش، بەم هۆیەوە خۆی فێری ژەنینی عوود دەکات، ساڵی ١٩٤٧ هەر بەو عەشقەوە دەچێتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا.

لە پاڵ خوێندنەکەی، لە پەنجاکاندا دەچێتە ڕادیۆی کوردیی بەغدا و چەند گۆرانییەکی مۆدیرن بۆ ئەو سەردەمە تۆمار دەکات، کە تا ئێستەش گوێگری کورد لە یادی نەکردوون، وەک هەرە لەیلێ، شوانە هۆ شوانە، هاتی ئێ بۆ هاتی، ئازیز بەهارە، کە شێوازێکی جیاوازی لەگەڵ دەنگ و گۆرانیی ئەودەمی کوردی هەبوو.

ساڵی ١٩٥٦یش گەڕایەوە زانکۆ و بەشی مێژووی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواو کرد و هەر لەوێ بوو بەمامۆستا. دواتر وەک مامۆستای ڕۆشنبیریی میوزیک گەڕایەوە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لەوێ دەستی بەگوتنەوەی ئەم وانەیە کرد، لەو کاتانەدا گەشتێکی ئەمریکای کرد و ساڵی ١٩٦٣ لەوێ بڕوانامەی ماستەری لە بەشی ئەدەب وەدەست هێنا، دواجار ساڵی ١٩٧١ گەڕایەوە کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی وەکو کەسێکی ئەکادیمی دەستی کرد بە وانەگوتنەوە.

شەماڵ جەلال ئەحمەد سائیب ساڵی (١٩٨١) کە زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر گوازرایەوە، وەک فەرمانبەرێکی زانکۆکە هاتە هەولێر و لێرە نیشتەجێ بوو تا لە ٨/١١/١٩٨٦ هەر لە هەولێر ماڵئاوایی کرد، بەر لە ماڵئاواییشی دەیگوت بەئاواتە دوای مردنی لە هەولێرێ بنێژرێت، بەڵام ئاواتەکەی نەهاتە دی، نیهال سائیبی برای تەرمەکەی بردەوە سلێمانی و لە گردی سەیوان نێژرا.

لە ژیانی سائیبدا، چیرۆکی خۆشەویستییەکی پڕ وەفا هەیە کە هی کچێکی کریستیان بوو بەناوی ئەمەل، شەماڵ بەر لەوەی بچێتە ئەمەریکا پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵدا هەبوو، قەدەر وا بوو نەیتوانی لەگەڵ خۆی بیبات، بەڵام لە کۆتاییی ژیانیدا لە هەولێر، ئەمەل دوای چەندین ساڵ گەڕایەوە لای و ئاگەداری تەندروستیی شەماڵ بوو و خزمەتی دەکرد.

شەماڵ سائیب بەردەوام بەشەوقەوە باسی غەریبدۆستی و چاکەی خەڵکی هەولێرێی دەکرد، جارێکیان لە بنکەی ڕۆشنبیریی زانکۆ، شوێنی ئێستەی (یانەی ئاوێزە) دانیشتبووین، بەزەردەخەنەوە دەیگوت "من خۆم لە تۆ بەهەولێریتر دەزانم، چونکە دەزانم هەولێرییەکان چەند منیان خۆش دەوێت".

لە ڕۆژێکی زستانی ١٩٨٣دا هونەرمەند ناسر حەسەن و وێنەگر جەبار غەریب لەگەڵ ستافێکی تەلەڤزیۆنی بەغدا، ها تنە هەولێر بۆ بەرنامەیەکی کشتوکاڵی، بە هەلم زانی بۆ دیدارێک لەگەڵ شەماڵ سائیب لە ماڵەکەیدا لە گەڕەکی شۆڕش، دیدارەکەی زۆر پێ خۆش بوو، ماوەی (٤٥) خولەکمان تۆمار کرد، ئەودەم لە ژوور سەری تەسجیلێک دانرابوو، دایگیرساند و گوێمان لە ئاوازێکی نوێی بوو کە بەشیعر و ئاوازەوە لە دوو توێی (ئۆپەرێت)ێک ئامادەی کردبوو، بەدەنگی خۆی و کچانی زانکۆ، دانەیەکم لەو دیدارە بۆ خۆم لەسەر کاسێتێکی (G.S-7) تۆمار کرد.

لە بارەی شەماڵەوە، مامۆستا باکوری دەیگێڕێتەوە "هەردووکمان قوتابی بووین و میوزیکژەن بووین، لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا گۆرانیمان دەگۆت، پێکەوەش لە شوقەیەکی دوو ژووری بووین لە شەقامی کیفاح، تازە ئاوازی گۆرانیی (ئەڵێن جوانە)م دانابوو، ئەویش هی (ئەرێ لەیلێ)، هێشتا لە ڕادیۆ تۆمارمان نەکردبوو، پرۆڤەمان بە (عود)ـەکەمانەوە دەکرد، ڕۆژێکیان (شەماڵ) پێی گۆتم بۆ نایەی من و تۆ ئەم دوو ئاوازە بگۆڕینەوە، تۆ (ئەرێ لەیلێ) بڵێ و منیش (ئەڵێن جوانە)، چونکە بەڕاستی عەشقی ئەو ئاوازەم، زۆری لەگەڵ هەوڵ دام و ڕازی نەبووم، لە دواییدا هەردووکمان هەردوو گۆرانیمان لە ڕادیۆ تۆمار کرد، دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو".

هەرە لەیلێ خۆشەویستترین گۆرانی بوو لەلای شەماڵ سائیب و دەیگوت وەکو کوڕی خۆمە، ئەو گۆرانییە زوو لەناو کورد و عەرەبیش بڵاو بووەوە. هەر لە بارەی ئەو گۆرانییەوە، دوکتۆر حەمە نوری عارف لە زاری هونەرمەند ڕووداوێک دەگێڕێتەوە "جارێکیان شەماڵ سائیب بۆ ئامادە بوون لە پرسەی خزمێکیان بە پاس لە بەغداوە دەگەڕێتەوە سلێمانی، لە ڕێگەدا بازگەیەکی سەربازی ڕایان دەگرن و ناسنامەیان لێ وەردەگرن، کە دەگاتە لای شەماڵ سائیب و ناسنامەکەی لێ وەردەگرێ، سەربازەکە یەکسەر ڕووی تێ دەکات و دەڵێت وەڵا ئەوەتا هەرێ لەیلێ، تا هەرێ لەیلێیەکمان بۆ نەڵێیت بەڕێت ناکەین. شەماڵیش دەڵێت کاکە من بۆ پرسەی ئازیزێکم دەچمەوە سلێمانی، کەی کاتی ئەوەیە هەرێ لەیلێ بڵێم؟ سەربازەکە داوای لێبووردنی لێ دەکات و بەڕێی دەکەن".

ڕەسووڵ گەردییش لە بارەی هونەرمەندەوە دەگێڕێتەوە "ئاخیری حەیاتی هەمووی مەئسات بوو، زۆر سەردانیم دەکرد، زۆر جاریش هەردووکمان پێکەوە دەچووینە خزمەت جەنابی شێخ سەلاحەدین باقلانی، ماڵی شێخ بەتایبەت نووسەر و شاعیری کوڕیان عەبدولڕەحمان بێلاف زۆر تەقدیریان دەگرت، شێخ لەسەر مەساریفی خۆی ڕەوانەی خەستەخانەی ئیبن بەیتاریان کرد، دوای وەرگرتنی چارەسەری هێنایانەوە، دووبارە داخیلی خەستەخانەی کۆماری لە هەولێر کرا، ئەو ڕۆژانەی تەندروستیی بەرەو خراپی دەچوو، دەیگوت هەموو ئاواتم ئەوەیە لە هەولێرێ بمنێژن".





## سەربوردەی دیدارەکەی تاتڵیساس و ئەربیللی

# گۆرانی یەڵڵا شوفێر بۆ کێ گوتراوە؟

**گڵکەند**

چیرۆکی ڕاستینەی گۆرانیی (یەڵا شوفێر)، کە بەچەند زمان و لەلایەن چەندین گۆرانیبێژەوە گوتراوەتەوە، لە عەشقێکی ساڵانی شێستەکانی سەتەی ڕابردوو هەڵقوولاوە، لە گەڕەکی تەعجیلەوە بە سواری ئەمبۆلانسێکی خەستەخانەی ڕزگاریی ئێستە و لە کاتی گواستنەوەی نەخۆشێک بۆ کچە هونەرمەندێکی کورد گوتراوە.

لە شێستەکانی سەتەی ڕابردوودا، ئەربیللی پەیوەندییەکی سۆزداریی لەگەڵ کچە هونەرمەندێکی کورد هەبوو، کە ئێستە لە ژیاندا ماوە. ئەو کچە ماڵی لە مووسڵ بوو، ئەو کات محەمەد ئەحمەد ئەربیللی شوفێری ئۆتۆمۆبێلی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی کۆماری بووە.

ئەربیللی جارێکیان بۆی گێڕامەوە "ئەو هاتوچۆی ڕادیۆی کوردیی بەغدای دەکرد و گۆرانیی بەکوردی تۆمار دەکرد، ئەمنیش بۆ ڕادیۆی تورکمانی، ڕۆژێکیان لە هەولێرەوە بەرەو مووسڵ بەڕێ کەوتم، زۆر تامەزرۆ بووم بیبینم، هەر بەیانییەکەی چوومە نەقلیات تا بگەمە دایەرەکەی، گەیشتمە ئەوێ و یەکترمان دیت، گۆتی دڵم خەبەری دامێ ئەتو دێی، بۆیە لە بەیانییەوە چاوەڕێتم، چەند سەعاتەک پێکەوە بووین، هەر لەوێ وێنای خەیاڵی شیعر و ئاوازی یەڵڵا شوفێرم لۆ هات، وەکی گەڕامەوە هەولێرێ، لۆ ڕۆژی پاشی، نەخۆشەکم لە خەستەخانەی مەسیفەوە دەهیناوە هەولێرێ، ئەو ڕۆژی قادر چاوڕەشی موزەمیدم لەگەر بوو، هەتا نەخۆشەکە گەیشت، هێشتا نەیانهینابووە ناو ئیسعافی، ئەمن لە پێشەوە لە پشت سووکانەکە لەسەر داشبولی ئیسعاف دەستم بە ئیقاعلێدان کردبوو لۆ شیعری گۆرانیی یەڵڵا شوفێر ئەپار مانی".

بەو شێوەیە ئەو ڕۆژە محەمەد ئەحمەد ئەربیللی تا دەگاتە ناو نەخۆشخانەی کۆماریی ئەوسا بە تەنیشت قادر چاوڕەشەوە، لەبەر خۆیەوە ئەو گۆرانییە دەڵێتەوە. دوای چەند ڕۆژێک چووەتە پۆستەی هەولێر و تەلەفۆنی بۆ لێپرسراوی بەشی تورکمانی کردووە لە ڕادیۆ و کاتی تۆمارکردنی بۆ داندراوە. بەو شێوەیە لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی حەفتا، لە ڕادیۆ گۆرانیی یەڵڵا شوفێری بە زمانی تورکمانی تۆمار کرد، هەر زوو دەنگ و سەدای خۆی دایەوە، خەڵک لە هەموو شوێنێک بەتایبەتی لە هەولێر و کەرکووکێ دەیانگۆتەوە.

ئەربیللی دەیگوت "لە هەمووی خۆشتر ئەوە بوو کە بەخۆشەویستەکەم گۆت ئەو گۆرانییەم بەرهەمی دیدارەکەمان بوو، ئەو ڕۆژەی لۆ دیتنی تو لە هەولێرێوە هاتمە مووسڵێ".

ساڵی ١٩٧٢ لە کاتی چوونی تیپی هونەریی هەولێر بۆ مووسڵ، بۆ پێشکێشکردنی شانۆگەریی فاڵچی کە لە نووسینی حەمەکەریم هەورامی و دەرهێنانی هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان بوو، بە یاوەریی تیپی هونەریی هەولێر کە هونەرمەندان فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، عوسمان شارباژێڕی، جەبار ئەحمەدی برای محەمەد ئەحمەد ئەربیللییان لەگەڵدا بوو، لەوێ جەبار گۆرانیی یەڵڵا شوفێری بە زمانی کوردی گۆتبوو، ئەوە بوو گۆرانییەکە زیاتر دەنگی دایەوە، دوایێ لەلایەن هونەرمەند حەسەن زیرەکیش لە ڕادیۆی کرماشان بەهەندێک دەستکارییەوە تۆمار کرایەوە.

محەمەد ئەربیللی ئەوەش دەگێڕێتەوە کە دوای بڵاوبوونەوەی گۆرانیی یەڵڵا شوفێر، ساڵی (١٩٨٥) ئەو کات شەڕی (عێراق - ئێران) بوو، هەندێک شوفێری تاکسی لە هەولێر هاتوچۆی (تورکیا) یان دەکرد، لەناویاندا برادەرێکی شوفێری خۆی بە ناوی غازی حوسێن جەوان، لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا کاسێتێکی گۆرانییەکانی ئەربیللی، کە یەکێک لەو گۆرانییانە (یەڵڵا شوفێر) بوو، ئەوانی تریش یاندم تەلەفزیۆن ئاڵندە، بەنم نایلون تەراغم وار بوون، دەگەیەنێتە دەست هونەرمەند ئیبراهیم تاتڵیساس، ئەویش کە گوێی لێ دەگرێ، بەگۆرانییەکان سەرسام دەبێت و هەر زوو گۆرانیی یەڵڵا شوفێر دەڵێتەوە.

دوایێ لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، تاتڵیساس هەریەک لە محەمەد ئەربیللی و جەبار ئەربیللی و جەلال مەردان داوەت دەکات، لەناو ستۆدیۆی ئۆفیسەکەی خۆی گوێ لە دەنگی هەرسێکیان دەگرێت و خزمەتیان دەکات.

ئەربیللی هیچ ئامێرێکی میوزیکی نەژەنیوە، کەچی چەندین گۆرانیی نەمری بە شیعر و ئاوازەوە داناوە. کاتی خۆی لێم پرسی "ئەتو زۆربەی گۆرانییەکانت لە ئاوازی خۆتن، کەچی هیچ ئالەتەکی مۆسیقا ناژەنی؟ گۆتی ئەمن گوێی مۆسیقیم هەیە، پێویستیم بە عەزف نییە".

### پرۆفایل

لە ١٩٣٣/٧/١ لە گەڕەکی سەعدوناوە لەدایک بووە، لە ٢٠٢٢/٦/٢٠ کۆچی دوایی کردووە. ناوی تەواوی ئەحمەد شێخ فەتحی بوو، باوکی لە ساڵی ١٨٩٨ لە گوندی باوەکراوەی ناوچەی باڵەکایەتی ڕووی کردووەتە هەولێر.

ساڵی ١٩٤٤ چووەتە بەر خوێندن و لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا تا ساڵی ١٩٤٩ لە خوێندن بەردەوام بووە. لە منداڵییەوە بەشداریی چالاکیە مۆسیقییەکانی قوتابخانەی کردووە، لە تەمەنی گەنجییەوە ئاوازی بۆ سروودە نیشتمانییەکانی نەورۆز و ئەی دلێران و لاوانی کورد داناوە. ساڵی ١٩٥٦ کاتێک مەلیک فەیسەڵی دووەم پاشای عێراق سەردانی هەولێری کردووە، لە دیوەخانی مەلا فەندی مەقام و گۆرانی فۆلکلۆری پێشکەش کردووە.



# کۆنترین پەرستگەی قەڵات چۆن کرا بەمزگەوت؟

دەوەن شوان

قەڵاتی هەولێر وەک یەکێک لە کۆنترین شارەکانی جیهان، شایەتحاڵی چەندین شارستانی و قۆناغی مێژوویی جیاواز بووە، شوێنەواری زۆربەی ئەو شارستانیەتانەشی تێدا بەجێ ماوە، کە بەشێکیان پەیوەندییان بە بیروباوەڕە کۆنەکان و سرووتە ئاینی و پەرستگەکانیانەوە هەیە.

یەکێک لەو پاشماوانە، مزگەوتی گەورەی قەڵاتە، کە مێژوویەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، کەنعان موفتی کەسایەتیی هەولێری و پسپۆڕی شوێنەوار لە بارەی مێژووی ئەو مزگەوتەوە دەڵێت "لە کۆندا پەرستگە بووە، بەڵام کاتێک لە ساڵی ٦٤٣ی زاینیدا، عوتبەی کوڕی فەرقەد ئەلسەلەمی سوپاسالاری موسڵمانان لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا دێتە هەولێر، لە نامەیەکی تایبەتدا لە بارەی هەولێرەوە بۆ خەلیفە دەنووسێت پەرستگەیەک هەیە لەناو قەڵات، ئایا ڕەزامەندە بیکات بە مزگەوت؟ خەلیفەی موسوڵمانانیش لە وەڵامدا دەڵێت ئەگەر خەڵکەکە ڕازین، وای لێ بکە".

موفتی، مزگەوتی گەورەی قەڵات بە ئەزهەری کوردستان ناو دەبات، چونکە سەرەڕای ئەوەی لە سەدان ساڵی ڕابردوودا مزگەوت بووە، شوێنی خوێندن و پەروەردە و فێرکردنیش بووە.

مزگەوتی گەورەی قەڵات کۆنترین مزگەوتی هەولێرە و یەکێکە لە کۆنترین مزگەوتەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، تەمەنی بەمزگەوتبوونی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە، ئەمەش جگە لەوەی هەریەک لە مینبەر و منارە و میحرابەکەی مێژوویەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، تەمەنی مینبەرەکەی نزیکەی ٣٠٠ ساڵە هەروەها تەمەنی منارەکەی ٢٧٠ ساڵە.

٤٠٠ ساڵە ئەم مزگەوتە لەلایەن بنەماڵەی موفتییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بەردەوام نوێژی تێدا خوێندراوە و وتاری هەینیی تێدا پێشکێش کراوە، بەڵام ئێستە بەهۆی ئەوەی کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ دەکرێت، وتاری هەینیی تێدا پێشکێش ناکرێت.

## یەکەم قوتابخانەی ئیسلامی لە هەولێر

حوسامەدین سەرداری

بەئامانجی خزمەتکردنی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی پرەنسیپی نەرمونیانی لەناو خەڵک و پاراستنی دابونەریتە بەرزەکان لە هەولێر، ساڵی ١٩٦٠ یەکەم قوتابخانەی فەرمیی ئیسلامی سەر بەوەزارەتی ئەوقافی عێراق دامەزرا.

خوێندن لەم قوتابخانەیە بەپێی سیستەمی قوتابخانە ئاینییەکانی وەزارەتی ئەوقافی عێراقی ژمارە (٦ی ساڵی ١٩٦٠)، بۆ سێ قۆناغ دابەش کرابوو، قۆناغی یەکەم (سەرەتایی) بوو، کە ماوەکەی شەش ساڵ بوو، وانەکانی بریتی بوون لە خوێندنەوەی قورئان و ئەزبەرکردن و خوێندنەوەی بەتەجوید، فەرموودەکانی پێغەمبەر، زمان و ڕێزمانی عەرەبی، نووسین و دارشتن، مێژوو، جوگرافیا، ژمێریاری، پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی.

قۆناغی دووەمیش (ئامادەیی) و ماوەکەی پێنج ساڵ بوو، وانەکانی تەفسیر و ڕاڤەی قورئان و فیقهی ئیسلام، وتارخوێندن، ڕێنماییی ئیسلامی، زمان و ڕێزمان و ڕەوانبێژی عەرەبی، ئەدەبی عەرەبی، مێژوو، جوگرافیا، پرەنسیپەکانی زانستە گشتییەکان، ژمێریاری و زمانی ئینگلیزی تێدا دەخوێندران.

هەروەها قۆناغی سێیەم و باڵا، ماوەکەی سێ ساڵ بوو، وانەکانی تەفسیر و ڕاڤەی زانستە تازەکانی قورئان، فیقهی بەراوردکاری، پرەنسیپ و بنەماکانی فیقهی ئیسلامی، ڕێکارەکانی دادبینی و شەرعی، حوکمەکانی ئەوقاف، مێژووی یاسای ئیسلامی، مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی، مێژووی ئاینەکان، ڕێزمان و ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی زمانی عەرەبی، ئادابی توێژینەوە و زمانی ئینگلیزی تێدا دەخوێندرا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ تەنیا ١٣ قوتابی (فەقێ) لە پۆلی دووەمی قۆناغی یەکەمی سەرەتایی بەردەوام بوون، هەر قوتابییەک مووچەیەکی مانگانەی سێ دیناریی وەردەگرت، ساڵانەش قاتێک جلی هاوینە و دوو ساڵ جارێکیش قاتێکی جلی زستانەیان لەگەڵ پێداویستییەکانی خوێندن پێ دەدرا.

لەم ساڵەدا تەنیا دوو مامۆستا وانەیان بە قوتابییەکان دەگوتەوە، بەپێی سیستەمی ژمارە (٦ی ساڵی ١٩٦٠) قوتابیان ڕۆژێ شەش وانەیان دەخوێند، جگە لە ڕۆژانی دووشەم و پێنجشەممە کە چوار وانەیان دەخوێند.

دەرچووی قۆناغی یەکەم بڕوانامەیەکیان پێ دەدرا کە بتوانێ وەکو بانگدەر و قورئانخوێن لە مزگەوتەکان دابمەزرێ، دەرچووی قۆناغی دووەم بۆی هەبوو وەکو وتارخوێن و ئیمام لە مزگەوتەکان دابمەزرێ، دەرچووی قۆناغی سێیەمیش وەکو دادوەری شەرعی و مامۆستای ئاینی و وتارخوێن و ئیمام دادەمەزرا.



وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

وێنەیەکی ئەودیوی مزگەوتی گەورەی قەڵات.

# کەسوکاری شەش پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول دوور دەخرێنەوە


قيادة قوة الميدان
(للشؤون المدنية)
العدد/ ش م/ ١٠/ ٧٧١
التاريخ/ ١٠/ ٣/ ١٩٦٦
«بسم الله الرحمن الرحيم»
«سري للغاية»
الى/ متصرفية لواء أربيل
الموضوع/ ابعاد عوائل المعروفين
كتابكم السري المرقم س/ ١٨/ ٤٢٤ في ١٩٦٦/٣/٣
لمقتضيات المصلحة العامة ولمتطلبات الأمن في المنطقة واستنادا الى الصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة الثانية من المادة الرابعة من قانون السلامة الوطنية قررنا ابعاد عوائل المعروفين المبينة اسماؤهم في القائمة المرفقة طيا الى الجهات المؤشرة ازاءهم يرجى اتخاذ ما يلزم في هذا الصدد بالتعاون مع الجهات العسكرية واعلامنا.
المرفقات
١- قائمة
العميد
عزيز محمد [illegible]
معاون قائد قوة الميدان للشؤون المدنية
صورة منه الى/
ديوان مجلس الوزراء/ دائرة شؤون قانون السلامة الوطنية / وطيه نسخة من القائمة.
وزارة الداخلية/ وطيه نسخة من القائمة [illegible]
قيادة قوة الميدان
قيادة الفرقة الأولى
قيادة الفرقة الثانية
ق ق م للشؤون الادارية
مديرية الاستخبارات العسكرية
مديرية الأمن العامة
مديرية الشرطة العامة
قائمقامية قضاء كويسنجق
مديرية شرطة لواء أربيل
مديرية أمن لواء أربيل
وطيه نسخة من القائمة.

**د. سنوور سەباح**

دەوڵەتی عێراق کەسوکاری شەش هاووڵاتی دوور دەخاتەوە، بەهۆی ئەوەی بوونەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول.

بەپێی نووسراوێکی (زۆر نهێنی)، کە فەرماندەیی هێزی مەیدان ڕۆژی ١٩٦٦/٣/١٠ بۆ موتەسەڕیفیەتی لیوای هەولێری ناردووە، داوای دوورخستنەوەی کەسوکاری شەش پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوول، دەکات.

بڕیارەکە بۆ «پێویستییەکانی بەرژەوەندیی گشتی و ئاسایشی ناوچەکە» دەرکراوە، گوایە کەسوکاری ئەو شەش پێشمەرگەیە مایەی هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی ڕژێمی ئەو کاتی عێراق و وێنەیەکی نووسراوەکەش بۆ دوو فیرقەی سوپا، دەزگای هەواڵگری، پۆلیس، ئەمنی عامە و قایمقامیەتی کۆیە نێردراوە.

ناوی پێشمەرگەکان و کەسوکارە دوورخراوەکانیان:

- پێشمەرگە دڵشاد واحید ساڵح

باوکی و حەبیبە مستەفای دایکی و قومریەی خوشکی بڕیاری دوورخستنەوەیان دراوە.

- پێشمەرگە فاروق جەمال وەهاب

باوکی و ڕەحمە حاجی ئیسماعیلی دایکی و سامیی برای کە بەرگدوور بووە، بڕیاری دوورخستنەوەیان دراوە.

- پێشمەرگە سەباح کاک ساڵح

باوکی و فاتیمە مەجیدی دایکی بڕیاری دوورخستنەوەیان دراوە.

- پێشمەرگە عومەر عەبدوڵڵا

باوکی و ئامینە عەبدوڵڵای دایکی و حوسێن و بەکری برای، بڕیاری دوورخستنەوەیان دراوە.

- پێشمەرگە فوئاد ڕەزا

باوکی و جەمیلە حوسێنی دایکی بڕیاری دوورخستنەوەیان دراوە.

- پێشمەرگە زاهیر عەلی

باوکی و عایشەی دایکی و تاهیری برای بڕیاری دوورخستنەوەیان دراوە.

# بنەچەی دەباغەکانی هەولێر

## لە زاری دوکتۆر عەبدورەزاق دەباغەوە

**هەرمان خالید**

دوکتۆر عەبدوڕەزاق دەباغ پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی گشتی، لە باسی مێژووی بنەماڵەکەیدا باس لەوە دەکات کاتی خۆی لە گوندێکی دەڤەری خۆشناوەتییەوە هاتوونەتە هەولێر و لێرە بوونەتە ناسراوترین بنەماڵەی هەولێر و عێراق.

دەباغ لە دیدارێکی ڤیدیۆییدا کە بەم دواییە بڵاو بووەتەوە، ناوی شەش پشتی خۆی لە باوکی و مامەکانی بیستووە و دەیگێڕێتەوە کە کوڕی حاجی شەهاب قادر سەعید مەحموود ئاغای حارس ئاغای مەحموود ئاغا بوو. ئەو ڕۆژی ١/١١/١٩٣٢ لە قەڵات لەدایک بوو و ڕۆژی ٢٠/٩/٢٠١٨ کۆچی دوایی کرد.

دوکتۆر عەبدوڕەزاق دەباغ، لە زاری باوکی و مامەکانیەوە دەیگێڕێتەوە، کە (پیرە بەگ)ی باپیرە گەورەیان، لە سەدەی ١٨ لە گوندی توتمەی دۆڵی بالیسان لە دەڤەری خۆشناوەتی، ڕووی لە شاری هەولێر کردووە و لە قەڵات گیرساوەتەوە.

بنەماڵەی دەباغەکانی هەولێر، بازرگانیی پێستە و خورییان کردووە، زۆربەی هەرە زۆری پێستە و خوریی هەولێر و کوردستانیان بەگشتی کڕیوەتەوە و ناردوویانەتە بەسرە و لەوێش بۆ بازاڕەکانی جیهان.

بنەماڵەی دوکتۆر عەبدوڕەزاق دەباغ یەکێک بوون لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی هەولێر و کوردستان، لەسەر ئاستی عێراقیش ناودار بوون و بەبنەماڵەی چەلەبی و دەباغ دەناسرانەوە.

پێشتر لە چاوپێکەوتنێکی (گڵکەند)دا، فیکرەت دەباغ خوشکی شەهید مەئموون دەباغ ڕای گەیاندبوو کە بنەماڵەکەیان نازناوی چەلەبییان هەبووە، جگە لە بازرگانییەکانی دیکە، پێستەی ئاژەڵیشیان خۆش دەکرد و دەیانناردە بەریتانیا بۆ بەرهەمهێنانی جانتا و کەلوپەلی دیکە، لەوەوە نازناوی دەباغیش بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەیان زیاد بوو.

ئەو پزیشکە هەولێرییە، کە سەدان پزیشکی هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان لەسەر دەستی ئەو پێ گەیشتوون، یەکێک بوو لە پزیشکە هەرە ناسراوەکان، بە ڕووی خۆش و ڕێزگرتنی زۆر لە نەخۆش ناسرابوو.

دوکتۆر عەبدوڕەزاق ئاماژە بەوەش دەکات کە حاجی شەهابی باوکی، ماوەیەک پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، وازی لە بازرگانی هێناوە و دەستی بەکڕینی موڵک و زەویی کشتوکاڵی کردووە، وەک زەوییەکانی گوندی مورتکەی گچکە، باغەمرە شەهاب، داڵداغان، بەشێک لە قۆریتان و بەشێکیش لە گوندی چیمەن.

بنەماڵەی چەلەبی و دەباغەکان خاوەنی یەکەم بەنزینخانەی هەولێر و یەکەم کارگەی بەفر و یەکەم کارگەی بەرهەمهێنانی ئارد بوون لە هەولێر. بە بەردەوامی سەدان کرێکار و خزمەتگوزاریان لە ماڵ و شوێنی کارەکانیان هەبووە.

ئەحمەد چەلەبی کە خاوەنی زۆربەی موڵک و دوکانەکانی ناو قەیسەریی هەولێرێ بوو، ئامۆزای دوکتۆر عەبدوڕەزاق دەباغە. هەروەها شەهید مەئموون دەباغیش ئامۆزایەتی، کە پێشمەرگەیەکی ناوداری شۆڕشی ئەیلوول بوو.

شەهید مەئموون دەباغ بەهۆی هەستی کوردایەتییەوە، دوای کودەتای بەعسییەکان بەسەر ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٦٣، پەیوەندیی بەشۆڕشی ئەیلوولەوە کردبوو. لەبەرئەوەی دوو ساڵ لە کۆلێژی ماف خوێندبووی و لەبەر پێویستیی شۆڕشیش، سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری دا بکرێتە حاکمی شۆڕش، بەڵام ئەو حاکمایەتیی نەکرد، چەکی خستە شانی و بووە پێشمەرگە، هەر لەو ساڵەشدا شەهید بوو.


پۆرتریتی دکتۆر عەبدورەزاق دەباغ

خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ

سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا

دیزاین:
ئاراس ئەکرەم

لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی

دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (22), Wednesday 13/8/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

من دووکەسم
لە کاتێکدا
لە دانێکی ترێی وەنەزمۆکەدا
کەمەربەندی تۆیە دەستم
لە هەمان کات
لەگەڵ زارۆیانی چیادا
لەناو گڕاشایی مردن دادەبەستم

پەشێو